


هەولێر - تەموز ٢٠٢٢

# ناوەرۆک

پێشەکی:
بەشی یەکەم: پەژارەی بێدەنگ
بەشی دووەم: دەستی چارەنووس
بەشی سێیەم: چوونە ناو مەزارگە
بەشی چوارەم: چراوگی سپی
بەشی پێنجەم: زریان
بەشی شەشەم: دەریاچەی ئاگر
بەشی حەوتەم: پێش کورسی مەرگ
بەشی هەشتەم: لە نێوان مەسیح و عەشتار
بەشی نۆیەم : قوربانیدان
بەشی دەیەم: ڕزگار کەر

## پێشەکی:

تەمەنم هەژدەساڵان بوو کاتێک خۆشەویستی چاوەکانمی کردەوە، تیشکە جادوەکانی بە پەنجە ئاگرینەکانی بۆ یەکەمجار لە گیانمدا ، " سەلما کەرامی" یەکەم ئافرەت بوو بە جوانیەکەی لەخەو هەڵیستاندم ، بردمیە ناو باغی ئەوینی مەزن. ڕۆژەکان وەکوو خەون دەڕۆیشتن ، شەوەکانیش وەکوو ئاهەنگی هاوسەرگیری بەسەر دەچوون.

"سەلما کەرامی" ئەو کەسە بوو بە نموەنە جوانەکەی فێری جوان پەرستی کردم ، بەئەوینی نهێنی خۆشەویستی بۆ ئاشکراکردم، یەکەم کەس بوو گۆرانی شیعری ژیانی ڕاستەقینەی بۆ گوتم.

هەموو پیاوێک یادەوەری یەکم خۆشەویستی دەکاتەوە و هەوڵدەدات ساتە ناخۆشەکان بێنێتەوە بەرچاوی، ئەو یادەوەریانەی لە گەڵ هەموو نهێنیە تاڵەکانی، هەستی قوڵی گۆڕی ، دڵی خۆشکرد،.

لەژیانی هەموو پیاوێکی لاو دا، "سەلمایەک" هەیە لە ناکاو دەردەکەوێ و لە تەمەنی بەهاری دایە ، تاکرەوی دەگوازێتەوە بۆ ساتەکانی بەختەوەری ، شەوەکانی بێدەنگی پڕدەکات لە مۆسیقا.

من لە قوڵایی جەستەمدا زۆر هیلاکم ، لەو کاتەوەی گوێبیستی خۆشەویستی بووم، لەناو بیر و خەیاڵمدا، لە سروشتی ئاشکراکردنی کتێبەکان و ئینجیل تێبگەم ، ئەو خۆشەویستیەی لە لێوەکانی "سەلما" وە هاتە بەرگوێم. ژیانم لەهۆشدا نەمابوو، بەتاڵ بوو وەکوو بەهەشتی"ئادەم". کاتێک " سەلما" م بینی وەکوو ستونی ڕووناکی لەپێشم وەستابوو. "سەلما" وەکوو "حەوا" ی دڵم بوو پڕی کردبوو لە نهێنیەکان و سەرنجەکان، وای لێکردم لەمانای ژیان تێبگەم.

یەکەم"حەوا" وایکرد "ئادەم" ئارەزومەندانە بەهەشت بە جێ بهێڵێ، بەڵام "سەلما" وای لێکردم ئارەزوو بکەم بچمە ناو بەهەشتی خۆشەویستی بێگەرد، لەسەر بنەمای شیرینی و خۆشەویستی "سەلما"، بەڵام ئەوەی بەسەر یەکەم پیاو "ئادەم" هات، بەسەر منیش هات، وشەی ئاگرین کە "ئادەم"ی لەبەهەشت وەدەرنا، هەمان وشە بوو ترساندمی بەرەو کەناری درەوشاوە پاڵینام لەبەهەشتی ئەوین دورکەومەوە، بەبێ بەرهەڵستی هیچ فەرمانێک یان تامکردنی میوەی دارە ڕێگەپێنەدراوەکە.

ئەمرۆ دوای چەندین ساڵ، هیچ شتێک لەو خەونە جوانە بۆم بەجێ نەماوە جگە لە یادەوەری ئازاری دەورو پشتم، وەکوو باڵە نەبینراوەکان لێدەدات، قوڵایی دڵم پڕدەکا لە خەم و پەژارە و فرمێسک دەڕژێنێتە ناو چاوەکانم. " سەلما"ی خۆشەویستم مرد و هیچ شتیک نەماوە بۆ بەرز

ڕاگرتنی یادەوەریەکانی جگە لە دڵی شکاوم و گۆڕی دەورە دراو بە دارەکانی سەروو. تەنها ئەو دڵەشکاوە و ئەو گۆڕە ماوە شایەتی "سەلما" بدات.

ئەو بێدەنگیەی پاسەوانی گۆڕ دەیکا، مانای نهێنی خواوەندی ناو کفن نابەخشێ ، خشەی لقی دارەکان کە ڕەگەکانیان توخمی جەستە دەمژن هیچ نهێنی گۆڕ ناڵێت بە هەناسەی ئازاری دڵم، دراماییەکی زیندوو کە خۆشەویستی، جوانی و مردنی بەسەردا تێپەڕ بووە.

ئای هاوڕێیانی لاویم، ئەوانەی بەناو شاری بێروت دا بڵاو بوونەتەوە، کاتێک بە گۆڕستاندا تێپەڕ دەبن ، نزیک دارستانی سنەوبەرەکان، زۆر بە هێمنی بڕۆن، با دەنگی پێیەکانتان، مردووەکان بێزار نەکات، بە بێ فیز لە لای گۆڕی"سەلما" بوەستن و پیرۆزبایی لە خاک بکەن کە تەرمی "سەلما" ی گرتۆتە باوەش، بەشانازیەوە ناوم بهێنن، بە خۆتان بڵێن" هەموو هیواکانی جبران لێرەیە وەکوو بەندی خۆشەویستی پشت دەریاکان، لێرە بەخاک سپێردراوە. هەر لێرە هەموو هیواکانی لەدەستدا، فرمێسکەکانی وشک بووەوە و زەردەخەنەی لەبیر چووەوە".

لەم گۆڕەوە خەم وپەژارەی جبران لە گەڵ دار سنەوبەرەکان نەشونما دەکات. لەسەر ئەم گۆڕە، هەموو شەوێک، یادەوەریەکان"سەلما" زیندوو دەکاتەوە. ئەوەی دوێنی شەپۆلێکی جوان لەسەر لێوەکانی ژیان بوو ئەمڕۆش نهێنیەکی بێدەنگە لە قوڵایی زەویدا.

ئای هەڤاڵانی لاویم! بەناوی فریشتەکان لێتان دەپاڕێمەوە، ئەوانەی دڵتان خۆشەویستی چێشتوە، چەپکە گوڵ لەسەر گۆڕی خۆشەویستەکەم دابنێن، ئەو گوڵانەی لەسەر گۆڕی "سەلما" دادەنێن وەکوو دڵۆپەکانی خوناو وایە کە لە چاوەکانی بەرەبەیان دەڕژێن، دەکەونە سەر گەڵای گوڵی وەریوو.

## بەشی یەکەم : پەژارەی بێدەنگ

دراوسێکانم، بەرەبەیانی خۆشی لاویتان لەبیرە، بەداخن لە تێپەڕ بوونی، من یادی دەکەم وەکوو زیندانیەک یادی شیشەکانی دەستبەسەری بەندیخانەکەی دەکات. باسی سالانێک لەتەمەنی نێوان منداڵی بێتاوان و لاوی، وەکوو چاخی ئاڵتونی دەکەی. بێگەرد لە زیندانی گرینگی دان، بەڵام من پێی دەڵێم چاخی پەژارەی بێدەنگ کە تۆی خستە ناو دڵم، لەگەڵیدا نەشونمای کرد و ڕێگای ئازادی بەرەو زانست و مەعریفەت وعەقڵ نەدۆزیەوە تا ئەو کاتەی خۆشەویستی هات، دەرگاکانی دڵی کردەوە، گۆشەکانی ڕووناک کردەوە. خۆشەویستی زمان و فرمێسکەکانی پێبەخشیم. خەڵکینە، باغەکان و گوڵەکانی ئورکید و شوێنەکانی بەیەکگەیشتن و جێژوانەکان، سوچی شەقامەکان یاد دەکەنەوە و شایەتی یاریەکانتانە و گوێیان لە چرپەی بێتاوانانە، منیش هەروەها شوێنەجوانەکانی باکووری لوبنانم لە یادە. هەرکاتێک چاوەکانم دەنووقێنم، شیوەکانی سەرنج ڕاکێش و گەورەیی شاخەکان دەبینم ، بەسەربەرزی و گەورەیی داپۆشراون، هەوڵ دەدەن بگەن بەئاسمان.
هەمووجارێک، گوێیەکانم لەبیستنی دەنگە دەنگی شار دەگرم، گوێم لە هەناسە و هاژەی ڕووبارەکان و خشەی لقی درەختەکان دەبێ. ئەو هەموو جوانیانەی ئێستا باسی دەکەم، دەمێکە دەیبینم، وەکوو ئارەزووی مندال بۆ سینگ و مەمکی دایکی، ڕووح و گیانی بریندار کردوو، من وەکوو بازێک لەناو قەفەزەکەیدا ئازار دەچێژێ، ئەوکاتەی پۆلی باڵندەکان دەبینی بە بۆشایی ئاسماندا دەفڕن. ئەو شیوو و گردانە ئاگریان لەخەیاڵم بەرداوە، بەڵام بیرۆکەکانی تاڵی، تۆڕێکی بێ هیوایی بە دەورەی دڵمدا تەنیوە.
هەمووجارێک دەچم بۆ کێڵگەکان بەبێ هیوایی دەگەڕێمەوە، بەبێ ئەوەی لە بێ هیواییەکەم تێبگەم. هەمووجارێ کەتەماشای ئاسمانی ڕەساسی دەکەم، هەستدەکەم دڵم دەگوشرێ. هەمووجارێک گۆرانی باڵندەکان و ئاوازی بەهار دەبیستم، ئازار دەچێژم، بەبێ ئەوەی هۆکاری ئازار چێژینەکەم بزانم.
دەڵێن ئاسانکارییەکان پیاو بەتاڵ دەکات و بەتاڵیش گرنگی پێنەدان لەلای مرۆڤ دروست دەکات. ئەم وتەیە ڕاستە لەلای ئەوکەسانەی بە مردویی لەدایک بوون و بونیان وەکوو کۆرپەلەی سەرما بەستوو وایە. بەڵام کوڕی هەستیار زۆر هەست دەکا و کەم دەزانێ و بێ بەختترین کەسە، دروستکراوە لەژێر خۆردا، چونکە بە دوو هێز پارچە پارچەکراوە. هێزی یەکەم، بەرزی دەکاتەوە و

جوانی بوونی نیشان دەدات لە نێوان هەورێک لە خەونەکان. دووەم هێز، دەیهێنێتە خوارەوە، بەزەویەوە دەیبەستێتەوە، چاوەکانی پڕ دەکا لە خۆڵ و ترس، تاریکی بەسەردا زاڵ دەکا.
گۆشەگیری و تەنیایی، دەستی تەلی موویی نەرمی هەیە، بەڵام پەنجە بەهێزەکانی دڵ دەگوشێ ، وای لێدەکا بەخەم و پەژارەوە بخورێ. تەنیایی هاوبەشی خەمە و هاوبەشی خەیاڵاوی مەزنە.
گیانی کورِ بەلێدانی پەژارەدا دەڕوات، وەکوو سەوسەنی سپی وایە، لوول نابێت. پێش هەڵکردنی نەسیمی بەیان و پێش ڕۆژهەڵات دڵی دەکاتەوە، کاتێک سێبەری شەو بەسەریدا هەڵدەکشێ ،گەڵاکانی لوول دەکاتەوە.
ئەگەر ئەو کورِە لە یارییەکاندا، گۆرانی یان هاوەڵ یان هاوبەشێکی نەبێ، ژیانی وەکوو زیندانییەکی خەمبار دەبێ و تەنها تۆڕی جاڵجاڵۆکەکان دەبینێ و تەنها زیزەی مێروولەکان دەبیستێ و هیچی ترنا.
ئەو پەژارەیەی لە کاتی لاویمدا ورێنەی پێدەکردم ، هۆکارەکەی کەمی ڕابواردن نەبوو، جونکە دەکرا هەمبێ، نە لەکەمی هاوەڵان، چونکە دەکرا بیان دۆزمەوە. ئەم هەموو خەم و پەژارەیە بەنەخۆشی ناو جەستە دروستبوو بوو، وایلێکردم تەنیاییم خۆشبوێ. ئارەزووی یارییەکان و ڕابواردنی لەدڵمدا کووشت.
باڵەکانی لاویم لەسەر شانەکانم لابرد و کردمی بە گۆمە ئاوێکی نێوان چیاکان، لە هێمنیەکەیدا، سێبەری جنۆکەکان و ڕەنگی هەورەکان و درەختەکان نیشان دەدات، بەڵام ناتوانێ ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ گەیاندنی گۆرانیەکان بە گوێی دەریاکاندا.
ئەوەی باسم کرد ژیانی پێش هەژدە ساڵیم بوو. لەژیانمدا ئەو ساڵە وەکوو لووتکەی چیاکان بوو، بەڵام مەعریفەتی لە ناخمدا هەژاند، وایلێکردم لە هەڵبەزین و دابەزینی ژیانی مرۆڤ تێبگەم. ئەو ساڵە جارێکی تر لە دایک بوومەوە، ئەگەر نا، کەسێک جارێکی تر لە دایک ببێ وەکوو کاغەزێکی سپی بەتاڵ لە ناو کتێبی بوون دا وایە.
ئەوساڵە، فریشتەکانی ئاسمانم لە چاوی ئافرەتێکی جواندا بینی، تەماشایان دەکردم. هەروەها، لەدڵی پیاوی شەڕانیدا، شەیتانەکانی دۆزەخم بینی. ئەو پیاوەی فریشتەکان و شەیتانەکان لە جوانیدا نابینێ و ڕق و کینەی ژیان لە مەعریفەت لا دەبردرێ و گیانی لە بەزەیی بەتاڵ دەبێ.

## بەشی دووەم: دەستی چارەنووس

لەبەهاری ئەوساڵە خۆشە، لەبێروت بووم، باغەکان پڕ بوون لە گوڵەکانی نیسان، زەوی بەگیای سەوز داپۆشرابوو، وەکوو نهێنیەکانی زەوی بۆ ئاسمان ئاشکرابوون. دار پرتەقاڵەکان و دار سێوەکان، لەسەر شێوەی حۆریەکان و بووکەکان، سروشت ناردوونی بۆ بەخشینی ئیلهام بەشاعیران و فراوانکردنی خەیاڵیان، جلی سپی گوڵی بۆنداریان پۆشیبوو.

بەهار لە هەموو شوێنێک جوانە، بەڵام بەهاری لوبنان جوانترینیانە. خەیاڵێکە بەدەورەی زەویدا دەسوڕێتەوە، لەسەر لوبنان دەنیشێتەوە، لەگەڵ پاشاکان و پێغەمبەران ئاخاوتن دەکا، لەگەڵ ڕووبارەکان گۆرانی سروودی پێغەمبەر سولەیمان دەڵێ، لەگەڵ درەختەکانی ئەرزی مەزن یادی مەزنی ڕابووردوو دەکاتەوە. بێروت بەبێ قوڕی زستان و خۆڵی هاوین وەکوو بووکی بەهار وایە، یان وەکوو حۆری دەریا وایە لە کەناری جۆگەلەکان دانیشتووە، لە ژێر تیشکی خۆر پێستە نەرمەکەی وشک دەکاتەوە.

ڕۆژێکیان لە مانگی نیسان ، چووم سەردانی هاوڕێیەکم بکەم ، ماڵەکەی لەشارە خنجیلانەکەم دوور بوو. لەکاتی قسەکردنماندا، پیاوێکی ماقوڵ تەمەن نزیکەی شەست و پێنج ساڵان هاتە ژوورەوە. هەستامە سەرپێ بۆ بەخێرهاتنی، هاوڕێکەم پیاوەکەی پێناساندم گوتی،" فارس ئەفەندی کەرامی" ، بە وشە سەر سووڕهێنەرەکانی ناوی منیشی بە پیاوەکە گوت.

پیرەمێردەکە، بۆ ساتێک، تەماشای کردم، پەنجەکانی بەناوچاوانیدا هێنا وەکوو بڵێی یادەوەریەکانی وەبیر خۆی بهێنێتەوە. بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی" تۆ کوڕی هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستی منی، خۆشحاڵم لەکەسایەتی تۆدا هاوڕێکەم ببینم". وشەکانی کاری لێکردم، سەرنجی بۆخۆی ڕاکێشام، وەکوو باڵندەکان، هەستی ناو مێشک پاڵیاندەنێ بۆ هێلانەکانیان پێش هەڵکردنی زریان و ڕەشەبا.

کاتێک دانیشتین، باسی هاوڕێیەتی باوکمی کرد، کاتێکی لەگەڵ باوکم بەسەر بردبوو وەبیر خۆی دەهێنایەوە. پیرەمێردێک ئارەزوو دەکا بە یادەوەریەکانی بگەڕێتەوە ڕۆژانی لاوی، هەروەکوو غەریبێک هەوڵدەدا بگەڕێتەوە وڵاتەکەی. بەباسکردنی چیرۆکی ڕابووردووی دڵخۆشبوو وەکوو شاعیر کە چێژ لە گوتنی شیعرەکانی دەبینێ.

بەخەیاڵ لە ڕابووردوودا دەژیا، هەنووکەش زۆر بەخێرایی دەڕوات، داهاتووش بۆ ئەو نزیکبوونەوەیە لە گۆڕی لەبیرکراو. کاتژمێرێک پڕ لەیادەوەری کۆن تێپەڕبوو هەروەکوو سێبەری

درەختەکان بەسەر گیادا. کاتێک "فارس ئەفەندی" هەستا بڕوات، دەستی چەپی لەسەر شانم دانا و بەدەستی ڕاستی، دەستی گوشیم، گوتی" بیست ساڵە باوکتم نەبینیوە". "هیوادارم جێی باوکت بگریەوە، جار جار لە ماڵەوە سەردانم بکەی" . بەسوپاسەوە بەڵێنم دا بە هاوڕێ دێرینە خۆشەویستەکەی باوکم، ئەم ئەرکە بەجێ بهێنم.
پیرەمێردەکە ڕۆیشت، داوام لە هاوڕێکەم کرد زانیاری زیاترم لەسەر ئەو پیاوە بداتێ. گوتی،" هیچ پیاوێکی ترم لە بێروت نەبینیوە وەکوو ئەو، سامانەکەی ئەوی وا بەبەزەیی کردبێ و بەزەییەکەی ئەوی وا دەوڵەمەند کردبێ. یەکێکە لەو پیاوە دەگمەنانە هاتۆتە ئەم جیهانە، بەجێی دەهێڵێ بەبێ ئەوەی ئازاری هیچ کەسێکی دابێ. ئەم جۆرە کەسانە هەمیشە غەمبارن و مافیان زەوتکراوە چونکە ئەوەندە زیرەک نین بتوانن خۆیان لە کەسانی تر بپارێزن.
فارس ئەفەندی تەنها کچێکی هەیە، هەڵسووکەوتی وەکوو باوکی وایە، جوانی و نەرم و نیانیەکەی باسی لێوەناکرێ، ئەویش غەمبار دەبێ چونکە سامانەکەی باوکی، دەیبات بەرەو کەناری هەڵدێری ترسناک."
کاتێک هاوڕێکەم ئەم وشانەی گوت، تێبینیم کرد ڕوخساری هەوراوی بوو. ئینجا بەردەوام بوو، " فارس ئەفەندی پیاوێکی باشەو دڵێکی بێگەردی هەیە، بەڵام بێ توانایە، خەڵکان وەکوو پیاوێکی کوێر ئاماژەی پێدەکەن. هەرچەندە کچەکەی شاناز و ژیرە، بەڵام پابەندی ڕێگای باوکیەتی، ئەم نهێنیە لە ژیانی باوک و کچ دا بەدی دەکرێ. ئەم نهێنیە پیاوێکی شەیتان ئاشکرای کرد، فیلی داشی شەترنجە و سەرۆک قەشەیە و سەری لەناو سێبەری ئینجیل دا شاردۆتەوە. وا خۆی نیشان دەدا کە بە سۆزە و خانەدانە. لە سەر خاکی ئایینەکان، پێشڕەوی ئایین دەکا. خەڵکان دوای دەکەون و دەیپەرستن. وەکوو مێگەلە مەڕ خەڵکان بەرەو کوشتارگە دەبات.
ئەو سەرۆک قەشەیە برازایەکی هەیە ، دڵی پڕە لە ڕق و کینە و گەندەڵی. زوو یان درەنگ ڕۆژێک دێت برازاکەی لەلای ڕاستی و کچی فارس ئەفەندی لە لای چەپی دادەنێ، بەدەستی شەیتانی چەپکە گوڵی هاوسەرگیری دەخاتە سەر سەریان، کچێکی بێگەرد دەبەستێتەوە بە کەسێکی پیسی بێ ڕەوشت، دڵی ڕۆژ دەخاتە باوەشی شەو. ئەوە هەموو زانیارییەکانە دەتوانم پێت بڵێم دەربارەی فارس ئەفەندی و کچەکەی، تکادەکەم پرسیاری ترم لێمەکە."
ئەمەی گوت و ڕووی بەرەو پەنجەرەکە وەرگێڕا، وەکوو ئەوە وابوو لەخەیاڵیدا هەوڵبدات کێشەی بوونی مرۆڤ چارەسەر بکات لەسەربنەمای بەستنەوەی بە جوانی گەردوون.

که ماڵی هاوڕێکەم بەجێهێشت ، پێمگوت لە پلانمدایە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا،  سەردانی فارس ئەفەندی بکەم،  بۆ بەجێهێنانی بەڵێنەکەم و ڕێزگرتن لە هاوڕێیەتی نێوان فارس ئەفەندی و باوکم. بۆ چەند چرکەیەک تەماشای کردم، تێبینی گۆڕانی ڕوخساریم کرد وەکوو ئەوە وابوو ئەو وشە سادانەی درکاندم بیرۆکەیەکی تازەی بە خەیاڵدا هێنابێ. ڕاستەوخۆ نامۆیانە تەماشای چاوەکانمی کرد، تەماشاکردنێکی خۆشەویستی، بەزەیی و ترس- بینینی پێغەمبەر کە پێشبینی ڕووداوەکان دەکا، هیچ کەسێکی تر نایبینێ. لێوەکانی لەرزی، کە ڕۆیشتم بەرەو دەرگا، هیچی نەگوت.

ئەم تەماشاکردنە غەریبە، لە دڵمدا مایەوە، لەماناکەی تێنەگەیشتم تا ئەو کاتەی لە جیهانی شارەزاییدا پێگەیشتم. ئەوکاتەی دڵەکان لەیەکتری تێدەگەن، خەیاڵەکان بە مەعریفەت دەوڵەمەند دەبن.

## بەشی سێیەم: چوونە ناو مەزارگە

لەماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەستی بەتەنیایی بەسەرمدا زاڵبوو، بەرگی تاریکی کتێبەکان ماندوی کردبووم، گالیسکەیەکم بەکرێ گرت، بەرەو ماڵی فارس ئەفەندی ڕۆیشتم. کاتێک گەیشتینە دارستانی سنەوبەرەکان، خەڵکانێکی زۆر بۆ سەیرانکردن لەوێ بوون، شوفێری گالیسکەکە لای داو ڕێگایەکی تایبەتی گرتەبەر، بەدرێژایی ڕێگاکە لە هەردوو لاوە، درەختەکانی سەفساف سێبەری کردبوو. تێپەربوون بەو ڕێگایەدا ، جوانی گیای سەوز بەدی دەکەی، ڕەزی ترێیەکان، ڕەنگەکانی گوڵەکانی نیسان، دڵ حەیران دەکەن.

دوای چەند خولەکێک، گالیسکەکە لە پێش ماڵێکی دابڕاو وەستا، لەناوەڕاستی باغێکی جواندا دروستکراوە. بۆنی گوڵەکان و گاردنیا و یاسەمین هەوایان پڕکردبوو. لەگالیسکەکە دابەزیم، چوومە ناو باغەکە، فارس ئەفەندیم دیت، بەرەو پیلم دەهات. بردمیە ناوماڵەکەی، پڕ بەدڵ بە بەخێرهاتنی کردم، لەتەنیشتم دانیشت، هەروەکوو باوکێکی دڵخۆش، کاتێک کوڕەکەی دەبینێ. گەلێ پرسیاری دەربارەی ژیانم بەسەرمدا باراند، لەسەر داهاتوو و ئاستی خوێندنم. وەڵامم دایەوە، دەنگم بەجۆش و خرۆش و پڕ لە هیوا بوو. زەنگی سروودی سەربەرزی لەناو گوێمدا دەزرەنگایەوە، سەوڵی هیوای خەونەکانم لەدەریای هێمن دا لێدەدا. لەناکاو ئافرەتێکی جوان، جلێکی ئاوریشمی سپی نایابی لەبەردابوو لەپشت پەردە مەخموریەکەی دەرگاکە وەدەرکەوت، بەرەو ڕووم هات. فارس ئەفەندی و من لەسەرکورسیەکانمان هەستاین.

پیرەمێردەکە گوتی،"ئەوە سەلمای کچمە". منی پێناساند، گوتی" ڕۆژگار هاوڕێیەکی کۆنی بۆ هێناومەتەوە لە کەسایەتی کوڕەکەیدا". سەلما بۆ ساتێک تێی ڕوانیم، گومانی دەکرد میوانێک هاتۆتە ناو ماڵیان. کاتێک دەستیم گرت، وەکوو سەوسەنی سپی وابوو، تەزوویەکی نامۆ، دڵی کون کردم.

هەرسێکمان بەبی دەنگی دانیشتین، وەکوو ئەوەی سەلما خەیاڵی ئاسمانی هێنابێتە ژوورەوە، شایستەی ڕێزە. کاتێک هەستی بەبێدەنگیەکە کرد، زەردەخەنەیەکی بۆ ناردم، گوتی" زۆرجار باوکم چیرۆکەکانی لاوی خۆی و ڕۆژانی رابووردووی کە لەگەڵ باوکت بەسەر بردوە بۆ باس کردوم. ئەگەر باوکت بۆی باسکردبیت، ئەوە ئەم دانیشتنەیەمان یەکەم دانیشتن نیە".

پیرەمێرد بەشێوازی قسەکردنی کچەکەی زۆر دڵخۆشبوو، گوتی " سەلما زۆر بەسۆزە، هەموو شتێک بەچاوی خەیاڵەکانیەوە دەبینێ". ئینجا دەستی کردەوە بە قسەکان، بە هۆشیاری و ژیریەوە

وشەکانی هەڵدەبژارد،  وەکوو بڵێی لە کەسایەتی من دا جادویەکی دۆزیبێتەوە، لەسەر باڵەکانی یادەوەری، بردیەوە بۆ ناو ڕۆژانی ڕابووردوو.

کەتەماشای کردم، هەستم کرد خەون بەساڵانی دواییم دەبینێ، هەروەکوو درەختێکی بەرزی بەتەمەن کەبەرگری زریانەکان و خۆرهەڵاتنی کردووە، سێبەرەکەی دەهاوێتە سەر نەمامێکی بچووک، ئەو نەمامە خنجیلانەی بە هەناسەی بەرەبەیان دەشنێتەوە.

سەلما بێدەنگ بوو، جارجار تەماشایەکی  دەکردم، دوایش تەماشای باوکی دەکرد، هەروەکوو بڵێی دوایین بەشی درامای ژیان بخوێنێتەوە. ئەو ڕۆژە، کات لە باغەکە خێراتر دەڕۆیشت ، لەپەنجەرەکەوە ماچی زەردی جنۆکاوی خۆرئاوام لەسەر چیاکانی لوبنان دەبینی.

فارس ئەفەندی بەردەوام بوو لەسەر باسکردنی بەسەرهاتی، منیش گوێم لێگرتبوو، هاوبەشی خۆشیەکەیم دەکرد، ئەو خۆشیەی خەمەکانی بە دڵخۆشی گۆڕیەوە.

سەلما بە چاوە غەمگینەکانی ، لەنزیک پەنجەرەکە دانیشتبوو، قسەی نەدەکرد، هەرچەندە زمانی ئاخاوتنی ئاسمانی هەیە، بەرزتر لە دەنگی زمانەکان و لێوەکان. زمانێکی بێکۆتاییە، هاوبەشە لە نێوان هەموو مرۆڤایەتیەک، دەریاچەیەکی هێمن ، گۆرانی هاژەی ڕووبارەکان ڕادەکێشێ بۆ قوڵایی خۆی و بێدەنگیان دەکات.

تەنها گیانمان لە جوانی تێدەگا، لەگەڵیا دەژی و نەشونما دەکا. بە وشەکان بیرمان دەهەژێنێ ناتوانین باسی لێوە بکەین، هەستێکە چاوەکان ناتوانن بیان بینێ، وەری دەگرێ لەو کەسەی تێبینی دەکات و لەو کەسەی تەماشای دەکا.

جوانی ڕاستەقینە لەخەیاڵی ڕیزلێنراوی ڕێزلێنراوەکانەوە هەڵدەقوڵێ، جەستە دە درەوشێنێتەوە، هەروەکوو چۆن ژیان لە قوڵایی زەویەوە سەرهەڵدەدا و بۆن و ڕەنگ دەبەخشێ بە گوڵ. جوانی ڕاستەقینە هاوپەیمانیەکی ویژدانیە، پێی دەڵێن خۆشەویستی نێوان ژن و پیاو.

ئایا گیانی من و سەلما ئەو ڕۆژەی یەکترمان بینی بەیەک گەیشتن، هەستم بەرامبەر سەلما وایکرد سەلما وەکوو جوانترین ئافرەتی ژێر خۆر ببینم؟ یان ئایا بەشەرابی لاوی مەست بووم، ئاشقی کردم بە ئەوینێک هەرگیز بوونی نەبووە؟ ئایا لاویم چاوەکانی سروشتی کوێر کردوە، وایلێکردم خەیاڵی چاوە درەوشاوەکانی بکەم. شیرینی دەمی، جوانی شێوەکەی، یان ئایا درەوشانەوەکەی، شیرینی و جوانیەکەی چاوەکانمی کردەوە، خۆشی و ناخۆشی خۆشەویستی نیشان دام؟

ئەستەمە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەیەوە، بەڵام بەراستی دەیڵێم، ئەو کاتژمێرەی بەسەرمان برد هەستم بە خرۆشیەک کرد هەرگیز لە پێشتر هەستم پێی نەکردبوو، خۆشیەک بە ئارامی لە دڵمدا

جێگیر بوو، هەروەکوو گیانێک بەسەر ئاوەکاندا دەخولێتەوە لەکاتی دروست بوونی جیهان، هەر لەوهەستەوە خۆشیو ناخۆشیەکانم لە دایک بوون. کۆتایی هاتنی کاتژمێریک بە یەکتری بینین و سەلما و ئارەزووی ئاسان لەپەرستنی لاوی تەنیایی ئازادی کردم، وایکرد بەناو بەرەوپێش چونی خۆشەویستیدا هەنگاو بنێم.

خۆشەویستی تاکە سەربەخۆییە لە جیهان، چونکە بەجۆرێک گیان بەرز دەکاتەوە، یاساکانی مرۆڤایەتی و دیاردەکانی سروشتی ناتوانن بیگۆڕن. کە لەسەر کورسیەکە هەستام بڕۆم، فارس ئەفەندی لێم نزیک بووەوە، بە ئاقڵانە گوتی،" کوڕەکەم، ئیستا تۆ ڕێگای ماڵمان دەزانی، زوو زوو سەردانمان بکە و وای دابنێ تۆ دێی بۆ ماڵی باوکت. وای دابنێ من باوکتم و سەلماش خوشکتە".

ئەمەی گوت و ڕووی کردە سەلما بۆ دڵنیایی بوون لە وتەکەی. سەلما بە جوڵەی سەری ڕەزامەندی نیشان دا، تەماشای کردم هەروەکوو کەسێک ناسینێکی کۆنی دۆزیبێتەوە.

ئەم وشانەی فارس ئەفەندی کەرامی درکاندی، لە خۆشەویستیەکی جەرگ بڕدا ،منی شان بە شانی کچەکەی دانا. وشەکانی گۆرانی ئاسمان بوو بە هەماهەنگی دەستی پێکرد و بە خەم کۆتایی هات، گیانمانی بەرز کردەوە بۆ جیهانی ڕووناکی و گڕی سووتێنەر، وشەکانی پەرداخێک بوو خۆشی و تاڵی پێبخۆیتەوە.

ماڵەکەم بەجێهێشت، پیرەمێرد تا کۆتایی باغەکە لەگەڵم هات، دڵم وەکوو لەرزینی لێوەکانی پیاوێکی تینوو لێی دەدا.

## بەشی چوارەم: چراوگی سپی

مانگی نیسان بەسەرچوو. بۆ بینینی جوانی سەلما ، بەردەوام سەردانی ماڵی فارس ئەفەندیم دەکرد، لەناو باغە جوانەکە، سەرنجدانی جوانیەکەی، زیرەکیە سەرسورهێنەرەکەی، بێدەنگی غەم. هەستم کرد دەستێکی نەبینراو بەرەو "سەلما"م ڕادەکێشێ.

هەموو سەردانێکم، مانایەکی نوێی جوانی سەلمای پێدەبەخشیم، هەستی تێڕوانینێکی تازەی گیانی شیرینی دەدامێ، تاوەکوو بوو بە کتێبێک دەتوانم لە لاپەڕەکانی تێبگەم، دەتوانم گۆرانی بەشان و باڵیدا بڵێم، ئەو کتێبەی هەرگیز خوێندنەوەی تەواو نابێ.

ئەو ئافرەتەی خواوەندی جوانی گیان و جەستەی پێبەخشیوە، کراوەیە و نهێنیشە، ئێمە تەنها بە خۆشەویستی لێی تێدەگەین، بەدەست لێدان هەستی پێدەکەین، کاتێک باسی لێوە دەکەین وەکوو هەڵم دیار نامێنێ.

سەلما کەرامی جەستە و گیانی جوانی هەبوو، بەڵام چۆن بۆ کەسێک باسی بکەم کە هەرگیز نەیناسیوە؟ ئایا مردو گۆرانی بولبول و بۆنی گوڵەکان و خرەی ئاوی جۆگەلەکانی لە بیرە؟ زیندانیکەر بارقورس کراوە بە زنجیرەکان چۆن دەتوانی دوای هەناسەی بەرەبەیان بکەوێ؟ ئایا بێدەنگی لە مردن بە ئازارتر نیە؟ ئایا گەورەییم ڕێگرە لە باسکردنی سەلما بە وشە جوانەکان چونکە ناتوانم بە ڕەنگە درەوشاوەکان باسی ڕاستەقینەی بکەم؟ پیاوی برسی لە بیابان نانی وشک ڕەت ناکاتەوە ئەگەر ئاسمان گەزۆ و بولبولی ئاسمانی بەسەردا نەبارێنێ.

سەلما لە جلی سپی ئاوریشمەکەیدا قەشەنگ بوو، هەروەکوو ڕووناکی مانگ کە لە پەنجەرەکانەوە دێتە ژوورەوە. بە جیلوە و مۆسیقا دەڕۆیشت. دەنگێکی نزم و شیرین، وشەکان لە لێوی بەردەبوونەوە، هەروەکوو خوناو لەگەڵای گوڵەکان بەردەبنەوە کاتێک شنەبا بێزاریان دەکا.

بەڵام وشەکان ناتوانن باسی هەست و ڕوخساری سەلما بکەن، کاردانەوەی یەکەم ئازاری ناوی، ڕێک و پێکەیە سادەکەیەتی.

جوانی ڕووخساری سەلما کلاسیک نەبوو، هەروەکوو خەونی ئیلهام بەخش ناتوانی بیپێوی و کۆپی بکەی بە فرشەی وێنەکێشەکان یان بە داردەستی پەیکەر سازان. جوانی سەلما لە قژە ئاڵتونیەکەی نەبوو، بەڵکوو لە هەستی بێگەردی دەور و پشتی بوو، لە چاوە گەورەکانی نەبوو، بەڵکو لەو تیشکە بوو لێیان دەهاتە دەرەوە، . لە سوری لێوەکانی نەبوو، بەڵکوو لە وشە شیرنەکان بوو لە لێوەی دەردەچوون، لە گەردنە مامزیەکەی نەبوو، بەڵکوو لە کەم چەماوەیەکەی بوو.

ئایا سەلما لە جوانترین شێوازی دابوو، یان لە گیانی بێگەردی بوو، دەسوتا وەکوو چراوگ لە نێوان زەوی و ئاسماندا. جوانیەکەی وەکوو دیاری شیعر وابوو. بەڵام شاعیران کەسانێکی دڵخۆش نین، هەرچەند بەرزیش ببنەوە. لەناو بەرگی داخراوی فرمێسکەکاندا دەمێننەوە.

سەلما بیرکەرەوەیەکی قوڵ بوو، نەک قسەکەر, بێدەنگیەکەی جۆرێک لە میوزیک بوو دەتبات بۆ جیهانی خەونەکان، گوێ لە لێدانی دڵی بگری، جنۆکەی بیرەکانی ببینی، کە لە بەرامبەری ڕاوەستاون و تەماشای چاوەکان دەکەن.

غەمێکی قوڵی لە ژیانیدا پۆشیبو، نامۆیی و کەرامەتی زۆر کردبوو، هەروەکوو درەخت لە کاتی پشکوتنی گوڵەکان لەناو تەم و مژی بەرەبەیاندا جوان دەنوێنێ. غەم بیرو گیانی بەیەکەوە بەستبوەوە، هەروەکوو یەکێکیان ئەوی تر لە ڕوخساریدا ببینێ. دڵ هەست بەچی دەکا و زرنگەی دەنگە شاراوەکان دەبیستێ. خوا دوو جەستەی لە ناو یەک جەستەدا دروست کردوە، جیاکردنەوەیان جگە لە ئازار و مەینەتی، هیچیتر نیە.

گیانی غەمبار کاتێک لەگەڵ گیانێکی تری هاوشێوەی یەکدەگرێ، هەست بە ئارامی دەکا، بە خۆشەویستی یەکدەگرن، هەروەکوو غەریبێک دڵخۆش دەبێ بە بینینی غەریبێکی تر لە وڵاتی غەریبان. ئەو وڵاتەی لە ناوەندی غەمباری یەکیان گرتوە، بە سەربەرزی و خۆشی لە یەکتری جیانابنەوە. ئەو خۆشەویستیەی فرمێسکەکان پاکی کردۆتەوە و هەر بە بێگەردی و جوانی بێهاوتا دەمێنێتەوە.

## بەشی پێنجەم: زریان

ڕۆژێکیان فارس ئەفەندی بۆ نانخواردنی ئێوارە  لە ماڵەکەی خۆی بانگهێشتی کردم. گیانم برسی نانی خواوەند بوو کە ئاسمان خستویەتیە ناو دەستەکانی سەلما، نانێکی گیانی کاتێک دەیخۆین دڵمان برسیتر دەکا. هەر ئەو نانە بوو کە "قەیس" ی شاعیری عەرەب ، دانتی و سۆفیا تامیان کردبوو و دڵیانی لە یەکتری دورخستەوە. نانێک خواوەند لە گەڵ شیرینی ماچەکان و تاڵی فرمێسکەکان ئامادەی دەکا.

کە گەیشتمە ماڵی فارس ئەفەندی، سەلما لە باغەکە لەسەر تەختەیەک دانیشتبوو سەری نابووە داردرەختێک هەروەکوو بووکێک لە جلی سپی ئاوریشمدا، یان هەروەکوو پاسەوانێک ئەوشوێنە بپارێزی.

بەبێدەنگی و ڕێزەوە لێی نزیک بومەوە، لەتەنیشتی دانیشتم، نەمتوانی قسەبکەم، بەبێدەنگی مامەوە، ئەوەش تاکە زمانی دڵە، بەڵام هەستم کرد سەلما گوێی لە بانگی بێ وشەکانم بوو، چاودێری خێوی گیانم لە چاوەکانی دا دەکرد.

لە چەند چرکەیەکدا پیرەمێردکە هاتە دەرەوە، وەکوو پێویست بەخێرهاتنی کردم. هەستم کرد وەکوو بڵێی پیرۆزبایی نهێنی یەکگرتنی من و کچەکەی دەکا. ئینجا گوتی، خواردنی ئێوارە ئامادەیە، منداڵەکانم با بچین نان بخۆین." هەستاین بە دوای کەوتین، چاوەکانی سەلما درەوشایەوە بە ئەو هەستە تازەیەی خرایە سەر خۆشەویستی کە باوکی بە وشەی منداڵەکانم بانگی کردین ".

بە دەوری مێزەکە دانیشتین و دەستمانکرد بە خواردن و خواردنەوەی شەرابی کۆن، بەڵام گیانمان لە جیهانێکی دوور دەژیا، خەونمان بە داهاتوو و کاتە سەختەکانی دەبینی.

سێ کەسی جیاواز لە بیر و ڕا ، و یەکبوون لە خۆشەویستیدا، سێ کەسی بێتاوان بە هەستێکی زۆر و مەعریفەتێکی کەم، درامایەک پیرەمێردێک ئەنجامی دا کە کچەکەی خۆشدەوێ، گرنگی دەدا بە خۆشگوزەرانیەکەی.

ئافرەتێکی بیست ساڵان بە پەژارەوە تەماشای داهاتوو دەکا. پیاوێکی لاو خەون دەبینێ و دڵتەنگە، ئەو پیاوەی تاوەکوو ئیستا شەرابی ژیانی نەخواردۆتەوە، تامی ڕوبەکەشی نەکردووە. بگاتە بەرزترین ئاستی خۆشەویستی و مەعریفەت، بەڵام ناتوانێ ژیانی تێدا بگوزەرێنێ. هەرسێکمان بە

دڵی ناسک دانیشتبووین، لەناو ئەو ماڵە دابڕاوەدا دەمان خوارد و دەمان خواردەوە ، کەچاوەکانی ئاسمان دەیپاراست ، بەڵام لە بنی پەرداخەکان تاڵی و دەردەسەری، خۆی حەشار دابوو.
کە خواردنمان تەواو کرد، یەکێک لە خزمەتکارەکان بانگی لێکردین و گوتی پیاوێک لەبەردەرگایە دەیەوێ فارس ئەفەندی ببینێ. پیرەمێرد پرسی" ئەو پیاوە کێیە؟"، خزمەتکارەکە گوتی " نێردراوی سەرۆک قەشەیە". ساتێک لە بێدەنگی، فارس ئەفەندی چاوی بڕیە کچەکەی، هەروەکوو پێغەمبەر تەماشای ئاسمان دەکات بۆ زانینی نهێنی خواوەند. ئینجا بەخزمەتکارەکەی گوت" بابێتە ژوورەوە".
خزمەتکارەکە ڕۆیشت و پیاوێک بە جل و بەرگی یونیفۆرم و سمێڵێکی گەورە، کۆتاییەکانی لوول دابوون و کردبوونی بە تۆپ. هاتە ژوورەوە و سەلامی لە پیرەمێرد کرد، گوتی" گەورەم، سەرۆک قەشەی مەزن، گالیسکەی تایبەت بەخۆی بۆ بەڕێزتان ناردووە و دەیەوێ بۆ باسکردنی کارێکی گرنگ بتبینێ ". ڕوخساری پیرەمێرد هەوراوی بوو، زەردەخەنەکەی دیار نەما. دوای چەند چرکەیەک لێم نزیک بووەوە، بە دەنگێکی دۆستانە گوتی،"هیوادارم کە دەگەڕێمەوە هەر لێرە مابیت، سەلما لەم شوێنە دابڕاوە لەگەڵتا کاتێکی خۆش بەسەر ببا".
ئەمەی گوت و بەزەردەخەنەوە تەماشای "سەلما"ی کرد ئەگەر ڕازی بێ. سەلما سەری لەقاند ، بەڵام کوڵمەکانی سوور هەڵگەڕان، بەدەنگێکی شیرینتر لە میوزیکی گیتار گوتی" باوکە، دڵنیابە هەموو هەوڵەکانم دەخەمە گەڕ بۆ دڵخۆشکردنی میوانەکەمان ".
سەلما تەماشای گالیسکەکەی کرد، باوکی و نێردراوی سەرۆک قەشەی برد، تاوەکوو دیارنەما. بەرامبەرم لەدیوان کە بەئاوریشمی سەوز داپۆشرابوو دانیشت. سەلما لەسەوسەنی چەماوە بە شنەبای بەرەبەیان بۆ سەر فەرشێکی گیای سەوز دەچوو. ئارەزووی ئاسمانە کەمن وا بەتەنیایی لەگەڵ سەلما دانیشتووم، بەشەو لەو ماڵە جوانەی دەورەی دراوە بە درەختەکان، بێدەنگی، خۆشەویستی، جوانی تێیدا ئارامی گرتوە. هەردووکمان بێدەنگ بوین، هەریەکەمان چاوەڕێی ئەویتری دەکرد قسەبکات، بەلام ئاخاوتن تاکە ڕێگە نیە بۆ لەیەک تێگەیشتنی دوو گیان.
شتێکی تر هەیە مەزنتر و بێگەردتر لەوەی دەم دەی درکێنێ. بێدەنگی گیانمان ڕووناک دەکاتەوە و دەیچرپێنێتە ناو دڵمان، لە یەکتریان نزیک دەکاتەوە. بێدەنگی گیانمان لە جەستەمان جیادەکاتەوە، لەناو خەیاڵی ئاسمانەکان سەوڵ لێدەدەین، لە بەهەشتمان نزیک دەکاتەوە. وامان لێدەکا هەست بکەین چیتر جەستەمان بەند نیە، ئەم جیهانە هەوارگەی کاتیە.

سەلما تەماشای کردم، چاوەکانی ئاوێنەی نهێنیەکانی دڵی بوو. بە هێمنی گوتی،" بابڕۆین بۆ ناو باغ لە ژێر دار درەختەکان چاودێری مانگ بکەین لەپشت چیاکانەوە دەردەکەوێ". بەڕازی بوونەوە لەسەر کورسیەکەم هەستام، بەڵام دوو دڵ بووم. پێت وانیە باشترە لێرە بمێنینەوە تاوەکوو مانگ هەڵدێ، باغ ڕووناک دەکاتەوە، بەردەوام بووم،" تاریکی درەختەکان گوڵەکان دەشارێتەوە، هیچ نابینین".
سەلما گوتی" ئەگەر تاریکی درەختەکان گوڵەکان بشارێتەوە، خۆشەویستی ناو دڵمان ناشارێتەوە".
ئەم وشانەی بە زمانێکی نامۆ درکاند. چاوی وەرگێڕا، لەپەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی کرد. هەربێدەنگ بووم، بیرم لە وشەکانی دەکردەوە، مانای ڕاستەقینەی وشەکانیم هەڵدەسەنگاند. ئینجا تەماشای کردم، هەروەکوو بڵێی نیگەران بوو لەوەی گوتی، هەوڵ بدات بە چاوە تەلیسماویەکەی وشەکان لە گوێم دەربهێنێ، بەڵام بەڕوونی کاریگەری وشەکانی دووبارە کردەوە، لەناو دڵمدا چەسپاندنی بۆ هەتا هەتایە.
هەموو جوانیەک و گەورەییەک لەم جیهانە بیری ئەوینی پیاوێک دروستی کردووە. ئەو شتانەی ئێستا دەیبینین خەڵکانی پێشوو دروستیان کردووە، پێش بەدەرکەوتنی، بیرۆکەیەک بووە لە مێشکی پیاوێکدا، یان چرپەیەک بووە لە دڵی ژنێکدا. ئەو شۆڕشانەی خوێنی زۆریان ڕشتووە، بیری پیاوی گۆڕی بەرەو ئازادی، بیری پیاوێک بووە لەناو هەزاران پیاودا. ئەو کاول کردنەی ئیمپڕاتۆرەکانی ڕوخاند بیرێک بووە لەناو مێشکی تاکەکان. فێرکردنە مەزنەکەی ژیانی مرۆڤایەتی گۆڕی، بیرۆکەی پیاوێک بوو، ژیریەکەی لەدەوروپشتی جیاکردبووەوە. یەک بیرۆکە ئەهرامەکانی بینا کرد، گەورەیی و شکۆمەندی ئیسلامی دۆزیەوە، بوو بە هۆی سووتاندنی کتێبخانەی ئەسکەندەریە.
لەشەودا بیرێک بەخەیاڵدا دێت، بەرزت دەکاتەوە بۆ شکۆمەندی یان وات لێدەکا خۆت بەدەستەوە بدەی. ئافرەتێک بە چاوێک تەماشات بکا، دەبیت بە دڵخۆشترین پیاوی جیهان. یەک وشە لە لێوەکانی ئافرەت دەربچێ ، پیاو دەوڵەمەند یان هەژار دەکات.
ئەو وشەیەی ئەو شەوە سەلما درکاندی ، لە نێوان ڕابوردوو و داهاتوو دا بەندی کردم، هەروەکوو بەلەمێک لە ناوەڕاستی زەریا چەقی بێ. ئەو وشەیەی لە خەوی لاوی و تەنیایی بە ئاگای هێنام. خستمیە قۆناغێک ، ژیان و مردن تێی دا کاری خۆیان دەکەن.

که چوینه ناو باغ، بۆنی گوڵەکان تێکەڵ بە شنەبا بوو بوون، بەبێدەنگی لە نزیک درەختی یاسەمین لەسەر تەختەیەک دانیشتین، گوێمان لە هەناسەی خەوی سروشت دەگرت، هەر لەو کاتەش چاوی ئاسمان شایەتی دراماکەمانی دەدا.
مانگ لە پشت چیای سنین هاتەدەر، کەناری دەریا و گردەکان و چیاکانی ڕووناک کردەوە. لەناو دۆڵەکەدا، گوندەکانمان دەبینی، لە ناکاو لە هیچەوە دەردەکەوتن. لە ژێر ڕۆشنایی مانگ، جوانی "لوبنان"مان دەبینی.
شاعیرانی ڕۆژئاوابیر، کەباسی لوبنان دەکەن، وەکوو شوێنێکی ئەفسانەی لەبیر کراو باسی دەکەن، لەو کاتەوە ی"داود" و " سولەیمان" و پێغەمبەران ڕۆیشتوون، ئەو کاتەی باغی "عەدەن" لەدەست چوو، دوای کەوتنە خوارەوەی " ئادەم و حەوا". بۆ شاعیرانی ڕۆژئاوا، وشەی لوبنان دەربڕینێکی شاعیرانە و بخوری پەرستگای مەزنە، پەرستگای مس، تۆپە شووشە مەتینەکان دێنێتەوە یاد، پارێزراون وەکوو ئەو مامزانەی لە دۆڵدا دەلەوەڕن. ئەو شەوە من خەونی"لوبنان"م لە چاوی شاعیرانەوە دیت.
دەرکەوتنی شتەکان بە گوێرەی هەست و خرۆشی مرۆڤ دەگۆڕێن، جوانی و سیحریان تێدا دەبینین، ڕاستیەکەی ئەو جوانی و سیحرە لە ناو خۆماندایە. ئەوکاتەی تیشکی مانگ لە شان و مل و قژڵەکانی "سەلما"ی دا، وەکوو پەیکەری عاج پەنجەکانی پەیکەرساز هەڵی کەندبێ تایبەت بە پەرستنی خواوەندی "عەشتار"ی جوانی و خۆشەویستی. سەلما تەماشای کردم، گوتی " بۆ وا بێدەنگی؟"، " بۆچی هەندێک باسی ڕابوردوتم بۆناکەی؟". بە غەمزەیەک تەماشام کرد، بێدەنگیەکەم شکاند، لێوەکانم کردەوە، گوتم،" کاتێک هاتینە ناو ڕەزەکە، گوێت لە من نەبوو چیم گوت؟" ئەو گیانەی گوێی لە چرپەی گوڵەکانە، گوێی لە گۆرانی بێدەنگیە، دەتوانێ هاواری گیانم و ئارامبوونەوەی دڵم ببیستێ".
سەلما دەستەکانی خستە سەر دەم و چاوی، بەدەنگێکی نزم گوتی،" بەڵێ گوێم لێت بوو- گوێم لە دەنگێک بوو لە باوەشی شەوەوە هات و بەر غڵبە غڵبی ڕۆژ کەوت، ڕابوردوم و بوونی ئێستام لەبیر چووەوە- وەڵامم دایەوە گوتم، سەلما، منیش گوێم لە تۆ بوو، گوتم، لە جۆشی زرینگەی میوزیک لە هەوادا، تەختی سەری گەردوونی هەژاند."
سەلما کە گوێی لەم وشانە بوو، چاوەکانی و لێوەکانی داخست، زەردەخەنەی دڵخۆشیەکەییم بینی ، لەگەڵ غەم تێکەڵ بوو، بە هێمنی چرپاندی، " ئێستا دەزانم شتێک هەیە بەرزتر لە ئاسمان، قوڵتر لە زەریا، نامۆتر لە ژیان و مردن و کات. ئەوەی پێشتر نەمدەزانی ئێستا دەیزانم".

لەم چرکەساتەدا سەلما لە هاوڕێ خۆشەویستر بوو، لە خوشک نزیکتر بوو، لە دڵشیرینێک شیرینتر بوو. خۆشەویستی میراتی گیانی سەرنج ڕاکێشە. ئەگەرنا ئەو سەرنج ڕاکێشە لە چرکە ساتێکدا دروست بووە، کە هەرگیز لە ماوەی ساڵاندا دروست نابێت.

سەلما سەری هەڵبڕی، تەماشای ئاسۆی کرد، ئەو شوێنەی چیای سونین و ئاسمان بەیەکدەگەن، گوتی" دوێنێ تۆ وەکوو برام بووی، هەست بەشتیک دەکەم نامۆتر و شیرینتر لە کاریگەری برا. خۆشەویستیەکی هەستپێنەکراو، ترس دڵم پڕ دەکا لە پەژارە و خۆشی".

وەڵامم دایەوە،" ئەو هەستەی دەمانترسێنێ، دەمان لەرزێنێ، کاتێک بەناو دڵماندا دەڕوات، یاسای سروشتە، ڕێگا نیشانی مانگ دەدا بەدەورەی زەویدا بسوورێتەوە و خۆریش بە دەورەی خوادا بخولێتەوە".

سەلما دەستی لە سەر سەرم داناو پەنجەکانی بەناو قژمدا جوڵاند. ڕوخساری گەشایەوە، فرمێسکەکان لە چاوەکانی ڕژان، وەکوو دڵۆپەکانی خووناو لە سەر گەڵاکانی درەختی سەوسەن، گوتی" کێ باوەڕ بە چیرۆکەکەمان دەکات- کێ باوەڕ دەکا کە لەم ساتەدا ئێمە زاڵبوین بەسەر تەگەرەکانی گومان؟ کێ باوەڕ دەکا کە مانگی نیسان بۆ یەکەمجار ئێمەی بە یەکتری گەیاند. ئەو مانگە ئێمەی لە ڕێزی ڕێزەکانی ژیان وەستاند و دانا؟ کاتێک سەلما قسەی دەکرد هێشتا دەستی هەر لەسەر سەرم بوو، ئەو دەستەی سەر سەرم و ئەو پەنجانەی لە ناو قژمدا بوون گەلێ مەزنتر بوون لەتاجی شاهانە و سەروەری مەزن.

وەڵامم دایەوە:" خەڵک باوەڕ بە چیرۆکەکەمان ناکات چونکە نازانن کە خۆشەویستی تاکە گوڵە پێدەگات و بۆنەکەی بڵاو دەکاتەوە بەبێ هاوکاری وەرزەکان، بەڵام ئایا مانگی نیسان بوو بۆ یەکەمجار ئێمەی بەیەکتری گەیاند ؟ ئایا ئەو ساتە بوو ئێمەی لە ڕێزی ناو ژیانی ڕێزاندا بەند کرد؟ ئایا خواوەند نەبوو گیانمانی لە یەکتر نزیک کردەوە و لە پێش لەدایک بوون هەردووکمانی لە نێو شەوان و ڕۆژاندا بەند کرد؟ژیانی پیاو لە ناو ڕەحمەوە دەست پێناکا و هەرگیز بە مردن کۆتایی نایا. ئەم ئاسمانە پڕە لە ڕووناکی مانگ و ئەستێرەکان، بە خۆشەویستی گیان تێبینی خەیاڵ چۆل نابێت.

کاتێک سەلما دەستی لەسەر سەرم هەڵگرت، هەستمکرد لەرزینێکی کارەبایی لەڕەگەکانی قژمەوە دەرچوو، لەگەڵ شنەبای شەو نێکەڵ بوو. وەکوو پەرستی تەرخانکراو، لە کوشتارگەی مەزارگە پیرۆزبایی لێدەکرێ. دەستی "سەلما"م گرت، لێوە ئاگرینەکانمم لەسەردانا، ماچێکی درێژم کرد، یادەوەرییەک دڵمی تواندەوە، گیانی شیرینمی لە خەو هەستاند.

هەرساتێک تێپەڕدەبوو ، هەموو خولەکێکی ، سالێک لە خۆشەویستی بوو. بێدەنگی شەو، ڕووناکی مانگ، گوڵەکان و درەختەکان وایلێکردین هەموو ڕاستیەکان لەبیر بکەین، جگە لە خۆشەویستی. لەناکاو حیلەی ئەسپەکان و دەنگی چەرخەکانی گالیسکەکەمان هاتە بەر گوێ. لە کەوتنی دڵگیر و بەربوونەوە لە جیهانی خەونەکان، بۆ ناو جیهانی سەر سووڕهێنەر و ناخۆشی، زانیمان پیرەمێرد لە سەردانەکەی گەڕایەوە ، هەستاین، بەناو ڕەزەکەدا ڕۆیشتین بۆ بینینی.

گالیسکەکە گەیشتە بەردەرگای باغەکە، فارس ئەفەندی دابەزی، بەرەو ڕومان هات، بۆ پێشەوە چەمابووەوە ، هەروەکوو بڵێی بارێکی قورسی هەڵگرتبێ. لە سەلما نزیکبووەوە، هەردوو دەستی لەسەر شانی سەلما دانا، تێی دەڕوانی. فرمیسکەکان بەسەر ڕوومەتە چرچەکانیدا دەهاتنە خوارەوە، لێوەکانی، زەردەخەنەیەکی زیز گرتبووی.

بەدەنگێکی لەرزۆک گوتی،" سەلمای خۆشەویستم، بەمزوانە تۆ لە باوەشی باوکت دەردەهێنن دەچیتە باوەشی پیاوێکی تر. بەمزوانە چارەنووس لەو ماڵە دابڕاوە هەڵت دەگرێ و دەتبات بۆ جیهانی دادگا. ئەم باغە بۆ پەستانی پێیەکانت تامەزرۆ دەبێت، باوکت بۆتۆ دەبێت بە پیاوێکی نامۆ. ئەوە هەموو ڕوویدا، خوا بەختەوەرت بکا.

سەلما ئەو قسانەی بیست، ڕوخساری هەوراوی بوو ، چاوەکانی بەستی، هەروەکوو بلێی هەست بە مردن بکا. هاواریکرد، هەروەکوو باڵندەیەک بخەیتە خوارەوە، ئازار بچێژێ و هەڵ بلەرزێ. ئینجا بەدەنگێکی پچڕ گوتی،" تۆ چی دەڵێی؟ مەبەستت چیە؟ بۆ کوێم دەنێری؟.

سەلما تەماشای باوکی کرد، دەگەڕا بەدوای نهێنی ناو دڵی باوکیدا. لە چرکەیەکدا گوتی،" من لە هەموو شتێک تێدەگەم، سەرۆک قەشە داوای منی لێتکرد، قەفەزی ئامادەکردوە بۆ ئەو باڵندە باڵ تێکشکاوە. باوکە، ئەوە ئارەزووتە؟.

وەڵامی باوکی هەناسەیەکی قوڵ بوو. بەنەرمو نیانی "سەلما"ی پێش خۆیدا، بردیە ماڵەوە، منیش لە باغەکە بەوەستاوی مامەوە، شەپۆلی سەر لێشێواوی لێی دەدام، هەروەکوو لێدانی ڕەشەبا لە گەڵاکانی پایز. بە دوایان کەوتم بۆ ژووری دانیشتن، بۆ ئەوەی تەریق نەبێتەوە، دەستی پیرەمێردم گوشی ، تەماشای"سەلما"م کرد، ئەستێرە جوانەکەم ، ماڵەکەم بەجێهێشت، گەیشتمە کۆتایی باغەکە، گوێم لێبوو پیرەمێرد بانگی کردم، گەڕامەوە.

بە لێبوردنەوە دەستی گرتم، گوتی،"کوڕم، بمبوورە، بەفرمێسک ڕشتن، ئێوارەکەتم تێکدا. تکادەکەم کاتێک ماڵەکەم چۆڵدەبێ، سەردانم بکەی، ئەوکاتەی بەتەنیایی دەمێنمەوە، پێویستیم پێت دەبێ. کوڕم، لاوی و پیری یەکناگرن، هەروەکوو بەیانیان و شەو هەرگیز بەیکناگەن. سەردانم بکە با

یادەوەریەکانی لاویم  لەگەڵ باوکت بەسەر بردووە بەبیربێتەوە. هەواڵی ژیانم بێ، بڵێ چیتر ئاماژە ناکا بە کوڕەکان. کە سەلما ڕۆیشت، بەتەنیا دەمێنمەوە، سەردانم ناکەی؟.
کاتێک ئەو وشە غەمگینانەی گوت، بە بێدەنگی، دەستیم گوشی، هەستم کرد فرمێسکی گەرم کەوتنە سەردەستم . بەخەمەوە لە چاوەکانی هەڵدەڕژا و کاریگەری منداڵی تێدابوو. هەستم کرد بەخەمەوە دڵم پارچە پارچە بوو. سەرم بەرز کرد، ئەویش فرمێسکی لە چاوەکانمدا بینی، خۆی بەرەو من چەماندەوە، ناوچاوانمی بە لێوەکانی ماچکرد. ماڵئاوا، کوڕم- ماڵئاوا.
فرمێسکی چاوی پیرەمێرد، کاریگەرتر لە فرمێسکی چاوی پیاوی لاو، چونکە پاشماوەی ژیانە، لەجەستەیەکی لاوازدا. فرمێسکی پیاوی لاو وەکوو خوناو وایە لەسەر پەڕەی گوڵ، بەڵام فرمێسکی پیاوی بەتەمەن، وەکوو گەڵا زەردەکان وایە لە یادەوەری نزیکبوونەوەی زستان.
کە ماڵی"فارس ئەفەندی کەرامی"م بەجێهێشت، هێشتا دەنگی سەلما لە گوێیەکانمدا دەزرنگایەوە، جوانیەکەی وەکوو خێو بە دوام کەوت، فرمێسکی باوکی وردە وردە لەسەر دەستم وشک دەبووەوە. ڕۆیشتنەکەم وەکوو دەرکردنی " ئادەم" لە بەهەشت بوو، بەڵام "حەوا"ی دڵم لەگەڵم نەبوو تا هەموو جیهان بکا بە باغی"عەدەن". ئەو شەوەی جارێکی تر من لە دایک بومەوە، هەستم کرد بۆ یەکەمجار مردن دەبینم. خۆر چالاک دەبێت، بە گەرمیەکەی کێڵگەکان دەکوژێ.

## بەشی شەشەم: دەریاچەی ئاگر

هەموو ئەو شتانەی پیاو لە شەوی تاریکدا دەیکا بە ڕوونی لە ڕۆژدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەو وتانەی بەتایبەت دەگوترێ بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەبن بە قسەو باسی خەڵک، ئەو کارانەی ئەمڕۆ لە گۆشەکانی ژووری ماڵەکانمان دەیشارینەوە، سبەی بەدەنگی بەرز لە شەقامەکان دەگوترێتەوە.

خێوی تاریکی کاردانەوەی مەبەستی کۆبوونەوەی سەرۆک قەشە" بوڵۆس غالب" لەگەڵ "فارس ئەفەندی کەرامی"، ئەوەی باسیان لێکردبوو لەناو هەموو دراوسێکان دەگوترایەوە تاوەکوو گەیشتە بەر گوێی منیش.

ئەوەی ئەو شەوە لە دیداری سەرۆک قەشە بوڵۆس غالب و فارس ئەفەندی کەرامی باسکرابوو، باسی کەمدەرامەتان و بێوەژنان و هەتیوان نەبوو، بەڵکو مەبەستی سەرەکی ناردنی گالیسکەی تایبەت بە سەرۆک قەشە بوڵۆس غالب بۆ بردنی فارس ئەفەندی، داخوازیکردنی سەلما بوو بۆ برازای سەرۆک قەشە" مەنسور بێگ غالب". سەلما تاکە منداڵی فارس ئەفەندی دەوڵەمەند بوو، دیاریکردنی سەلما لەلایەن سەرۆک قەشەوە تەنها لە بەر جوانی و قەدرگرانی سەلما نەبوو، بەڵکو بۆ مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی پارەی فارس ئەفەندی بوو، گەرەنتی دابینکردنی سامانێکی باش، داهاتوویەکی گەش بۆ مەنسور بێگ مسۆگەر دەکا، دەیکا بە پیاوێکی گرنگ لەناو کۆمەڵدا.

سەرکردەکانی ئایینی ڕۆژهەڵات، ئامانجیان تەنها دەسەڵات فراوانکردن نەبوو، بەڵکو پێویستە هەوڵبدەن هەموو ئەندامانی خێزانیان سەرکەوتوو و چەوسێنەر بن. سەربەرزی شاراوە بە ڕێگای میرات دەچێت بۆ بەتەمەنترین کوڕ. بەڵام گەورەیی سەرکردەی ئایینەکان دەچێت بۆ براکانی و برازاکانی. هەرلەبەر ئەوە، قەشەی کریستیانەکان و ئیمامی ئیسلام و قەشە براهام، وەکوو خشۆکەکانی دەریا، بە نینۆکەکانیان، قوربانیەکان و نێچیرەکان دەگرن، بە فرەدەمەکانیان خوێنەکەیان دەمژن.

سەرۆک قەشە داوای دەستی سەلمای بۆ برازاکەی کردبوو، تاکە وەڵامی باوکی سەلما بێدەنگی و فرمێسک ڕشتن بووە، نەیدەویست منداڵە تاقانەکەی لە دەست بدات. هەموو پیاوێک هەڵدەلەرزێ کاتێک لە کچە تاقانەقەی جیا دەبێتەوە، ئەو کچەی گەشەی کردووە، بووە بە ئافرەتێکی لاو.

پەژارەی دایک و باوک کاتێک کچیان شوو دەکا یەکسانە بە خۆشی ژن هێنانی کوڕیان، چونکە کوڕ ئەندامی تازە دەهێنێتە ناو خێزان، بەڵام شووکردنی کچ ڕۆیشتنە، لەدەست دەچێ.

فارس ئەفەندی بە ناچاری، بە بێ ڕەزامەندی داواکاری سەرۆک قەشەکەی قبوڵکرد، چونکە فارس ئەفەندی برازای سەرۆک قەشەی باش دەناسی، کە پیاوێکی ترسناکە، پڕ لە ڕق و شەڕ و گەندەڵیە.
لە لوبنان هیچ کەسێک ناتوانێ بەرهەڵستی ئارەزووەکانی سەرۆک قەشە بکات، چونکە هەرکسێک بەرهەڵستی بکا، لەسەر پێی خۆی نامێنێ، پلە و پایەی لەناو کۆمەڵدا لە دەست دەدات. چاو ناتوانێ بەرگری تیرێک بکا کوون نەکرابێ، دەست ناتوانێ قەڵغان هەڵبگرێ ئەگەر نەبڕدرابێ.
وای دابنێ فارس ئەفەندی بەرهەڵستی کرد، ئارەزوی سەرۆک قەشەی ڕەتکردەوە، ئەو کاتە سەنگینی سەلما لەناو کۆمەڵدا وێراندەبێ، ڕێوی بە هێشوە ترێ بەرزەکان دەڵێ ترشە چونکە دەمی نایگاتێ.
قەدەر سەلمای بەرەو بەندیخانەیەکی چەوساندنەوە برد، ژیانی ئافرەتێکی ڕۆژهەڵاتی ڕەشکرد، ئەو گیانە بێگەردەی کەوتە ناو تەڵەوە، ئەو کاتەی ئازادی لە ئاسمانەوە بەسەر ماڵە سپیەکانی خۆشەویستیدا دەفڕی ، پڕ بوو لە ڕووناکی مانگ و بۆنی گوڵەکان.
لەهەندێ وڵاتان، سامانی کەسوکار بۆ منداڵەکانیان سەرچاوەی نەهامەتیە، یەخدانێکی بە هێزی فراوان، دایک و باوک بەکاری دەهێنن بۆ پاراستنی سامانیان، دەبێتە بەندیخانەیەکی تەنگ بۆ جگەر گۆشەکانیان.
دیناری یەزدانی مەزن، خەڵکان دەیپەرستن، دەبێ بە شەیتان، گیانی پێ سزا دەدەن و دڵ دەمرێنێ. سەلما کەرامی یەکێکە لە قوربانیەکانی سامانی کەسوکاری و بووکی چاوپیسی. خۆ ئەگەر سامانی باوکی نەبوایە ئەوا سەلما بەخۆشی دەژیا.
هەفتەیەک تێپەڕی، خۆشەویستی سەلما دڵخۆشکەری دڵم بوو، بەشەو گۆرانی خۆشی بۆ دەگوتم ، بەیانیانیش لەخەو هەڵیدەستاندم، بۆ ئەوەی لە مانای نهێنیەکانی ژیانی سروشت تێبگەم. خوشەویستی یەزدانی، دڵپیسی تێدانیە، سەنگینە و هەرگیز ئازاری گیان نادا، چارەنوسێکی بێبن، گیان لە کونجی دڵنیایی دادەنێ، برسی قوڵ، ئارەزوو قەناعەت پێدەکا. دڵ پڕ دەکا لە خەڵات و نەرمی و بەزەیی، هیوایەک بە بێ سووتانی گیان دروست دەکا، زەوی دەکا بە بەهەشت و ژیان دەگۆڕێ بۆ خەونی جوان و شیرین.
سەر لەبەیانی، لە کێڵگەکاندا پیاسەم دەکرد، هیوای نەمریم دیت، سروشت بە ئاگادێنێ، لەکەناری دەریا دانیشتم، گوێم لە شەپۆلەکان بوو، گۆرانی نەمریان دەگوت. بینینی گەورەیی مرۆڤایەتی لە هاتوچۆ کەران و جووڵەی کرێکاراندا بەدیدەکرد.

ئەو ڕۆژانە هەر وەکوو خێو تێپەڕ بوون، هەروەکوو هەورەکان دیارنەمان، هیچم بۆ نەمایەوە ، جگە لە یادەوەریە غەمگینەکان. ئەو چاوانەی تەماشای بەهارم پێدەکرد، سروشتم لە خەو پێ هەڵدەستاند، ئیستا هیچ نابینی جگە لە توڕەیی زریان و ناخۆشی زستان. ئەو گوێیانەی کە گۆرانی خۆشی شەپۆلەکانم پێدەبیست، ئێستا تەنها ناڵەی ڕەشەبا و توڕەیی دەریا دژی بەربەستکان دەبیستێ. ئەو گیانەی بە خۆشی تێبینی هێزی ماندونەناسی مرۆڤایەتی و گەورەیی گەردوونی دەکرد، بە مەعریفەتی بێهیوایی سەرنەکەوتن چەوسێندرایەوە.

هیچ شتێک لەو ڕۆژانەی خۆشەویستی جوانتر نەبوو، هیچ شتێک لەو شەوە ترسناکانەی غەم تاڵتر نەبوو. چیتر توانای بەرگری ئەو پاڵهێزەم نەما، ڕۆیشتم بۆ پشووی کۆتایی هەفتە، جارێکیتر بۆ ماڵی سەلما- ئەو مەزارگەیەی کە جوانی سەلمای تێدا پەیکەر کرابوو، خۆشەویستی تێدا پیرۆز کرابوو. ژیان دەیپەرستێ، بەلەرزەوە دڵ کڕنوشی بۆ دەبا و نوێژ دەکا. چوومە ناو باغەکە، هەستم کرد هێزێک ڕامدەکێشێ، لەم جیهانە دوورم دەخاتەوە، دەمباتە ناو تونێلێکی بەهێزی سروشت ئازاد، لە تێکۆشان و کاری سەخت. هەروەکوو دەروێشک لەئاسمانەوە ئیلهامی بۆ بێت، خۆم لەنێوان گوڵەکان و درەختەکاندا دیت. کاتیک لەدەرگای ماڵ نزیکبومەوە، دیتم سەلما لەسەر تەختەی ژێر سێبەری درەختی یاسەمینەکە دانیشتووە، ئەوەی هەفتەی ڕابووردوو هەردوکمان لەسەری دانیشتبووین، ئەو شەوەی چارەنووس خۆشی و غەمی بۆ هەڵبژاردم.

سەلما لە شوێنی خۆی نەجووڵا، قسەی نەکرد، لێی نزیکبوومەوە، واپێدەچوو، سەلما هەستی کردبوو کەمن دێم بۆ لای. کەدانیشتم، تەماشایەکی کردم، هەناسەیەکی قوڵی دا.سەری وەرگێڕا، تەماشای ئاسمانی کرد. بەبێدەنگیەکی سیحراویەوە سەری وەرگێرایەوە، تەماشای کردم و بەلەرزەوە دەستی گرتم، بەدنگێکی نزم گوتی،" هاوڕێم تەماشام کە، لە ڕوخسارم بڕوانە، دەزانم تۆ دەتەوێت چی بزانی، ئەوەی من ناتوانم بیلێم. تەماشام کە ، خۆشەویستم، تەماشام کە، برا ئازیزەکەم".

بەگرنگیەوە تەماشای سەلمام کرد، دیتم ئەو چاوانەی پێشتر وەکوو لێوەکان زەردەخەنەیان لەسەر بوو، وەکوو باڵەکانی بولبول دەجولان، ئێستا پڕ بوون لە خەم و ئازار. ئەو ڕوخسارەی، خۆر ئاوابوونی نەدەزانی، هەروەکوو گەڵاکانی سەوسەن ماچی دەکرد، ئێستا ماتەمینەو بێ ڕەنگە. لێوە شیرینەکانی، وەکوو دوو گوڵی پایز لە چڵەکانیەوە وەریبوون بە جێی هێیشتووین، گەردوونی وەک ستونی عاج، ئێستا چەماوەتەوە بەرە و پێش، توانای پشتیوانی و هەڵگرتنی خەمی ناو سەری نەماوە.

ئەمانەم هەمووی لە ڕوخساری سەلما بەدی دەکردن بەڵام بۆ من هەر وەکوو پەڵە هەورێک وابوو ڕوخساری مانگی داپۆشیبێ و تێپەڕ دەبێ و جوانتری دەکا. تەماشایەک وانیشان دەدا سترێسی ناو گیانی روخساری جوانتر دەکا. بەبێ ئەوەی چەند باسیکی تراژیدیی و ئازار بکەین، ئەو ڕوخسارە بێدەنگەی کێشە شاردراوەکان دەرناخا، جوان نیە بەبێ ئاماژەکردن بە هەماهەنگی ڕوخساری. پەرداخ سەرنجی لێوەکان بۆخۆی ڕاناکێشێ، ئەگەر ڕەنگی شەراب لە گریستاڵی ڕوون دا نەبینێ.

ئەو ئێوارەیە ڕووی سەلما وەکوو پەرداخێکی شەراب وابوو، شیرینی و تاڵی ژیانی تێدا تێکەڵ بوو بوو، هەستی نەدەکرد کە ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی هەرگیز ماڵی دایک و باوکی بەجێ ناهێڵێ، تا ئەوکاتەی قورسی هاوسەرەکەی دێتە سەر ملی، هەرگیز باوەشی دایکی بەجێ ناهێڵێ، تا ئەو کاتەی وەکوو کۆیلە دەبێ ماڵ بەجێ بهێڵێ، قیژەی بەردەوامی خەسووی.

بەردەوام تەماشای سەلمام دەکرد، گوێم لەگیانی غەمگینی دەگرت و لە گەڵیدا ئازارم دەچێشت، تا ئەو کاتەی هەستم کرد، کات وەستا و گەردوون لەناوچوو. تەنها دوو چاوی گەورەم دەدی، تەماشایان دەکردم، دەستی گرتبووم، هەڵدەرزی و هەستم بە ساردی دەستی دەکرد.

لە بێهۆشیەکەم بەئاگا هاتم و گوێم لە سەلما بوو بە هێمنی دەیگوت، " وەرە، خۆشەویستم، با باسی ئەو داهاتووە ترسناکە بکەین پێش ئەوەی ڕووبدات، باوکم چوو ئەو پیاوە ببینێ کە تاوەکوو مردن دەبێتە هاوسەرم. ئەو باوکەی خواکردی بە هۆکاری بوونی من، چوو ئەو پیاوە ببینێ، کە جیهان کردیە گەورەی من، بۆماوەی ژیانی ماوم.

لەناوجەرگەی شار، ئەو پیرەمێردەی لەکاتی لاویمدا لەگەڵم بوو، چوو ئەو پیاوە ببینێ کە لەساڵانی داهاتوو دا ، هاوسەرم دەبێ. ئەمشەو هەردوو خێزان کاتی مارەبڕین دیاری دەکەن، ساتێکی نامۆ و کاریگەر! هەفتەی ڕابووردوو لەژێر ئەو درەختە یاسەمینە، خۆشەویستی گیانمی گرتە باوەش، باشە. ئەو کاتەی چارەنووس، لە ماڵی سەرۆک قەشە، یەکەم وشەی چیرۆکی ژیانمی دەنووسی.

ئێستا باوکم و دەزگیرانم پلانی ڕۆژی مارەبرینم دادەڕێژن، ڕوحت دەبینم بەردەوام وەکوو باڵندەیکی تینوو بەسەر کانیەکی ئاو دا دەخولێتەوە، هەژدیهایەکی برسی پاسەوانی لێدەکا. ئای ئەو شەوە چەند مەزن بوو! نهێنیەکانی چەند قوڵ بوون.

ئەو وشانە فێربوین، هەستم کرد، خێوی تاریک، بێ هیوایی تەواو، هەوڵ دەدا، خۆشەویستیەکەمان پارچە پارچە بکات، کە لەسەرەتای دروستبوونی دایە، وەڵامی سەلمام دایەوە،" ئەو باڵندەیە بەردەوام لەسەر کانیەکە دخولێتەوە تا ئەو کاتەی تینوویەتی لەناوەی دەبا، یان بەردەبێتەوە ناو ئەو تەڵەیە و دەبێتە خواردنی هەژدیهاکە".

سەلما وەڵامی دامەوە، گوتی،" نەخێر، خۆشەویستم، ئەو بولبولە هەر زیندوو دەمێنێ و بەردەوام گۆرانی دەڵێ، تا ئەو کاتەی تاریکی هەڵدەکشێ، هەتا ئەو کاتەی بە هار دەڕوات، هەتا کۆتایی جیهان، هەتا هەتایە گۆرانی دەڵێ. نابێ ئەو بولبولە بێدەنگ بکرێ، چونکە ژیان بۆ دڵم دەهێنێ. باڵەکانی نابێ تێک بشکێندرێ، چوونکە جووڵەی باڵەکانی هەور لەسەر دڵم لادەدا".
چرپاندم،" سەلما، خۆشەویستەکەم، تینویەتی هیلاکی دەکا و ترس دەیکوژێ". بەپەلە وەڵامی دامەوە، لێوەکانی دەلەرزین،" تینویەتی ژیان، شیرینترە لە شەرابی شتەکان، و ترسی ژیان لە ئاسایشی جەستە. بەڵام گوێم لێبگرە، خۆشەویستم، بەئاگاوە گوێم لێبگرە، ئەمڕۆ من لە بەر دەرگای ژیانێکی نوێ وەستاوم، کە هیچی لێ نازانم. وەکوو پیاوێکی کوێر وام، کە بە هەست ڕێگا پێدەزانێ و بەرنابێتەوە. سامانی باوکم منی خستە بازاری کۆیلەکان، ئەو پیاوە منی کڕی. نە دەیناسم وە نەخۆشم دەوێ، بەڵام فێردەبم خۆشم بوێ، مل کەچی فەرمانەکانی دەبم ، خزمەتی دەکەم و دڵخۆشی دەکەم. هەموو ئەو شتانەی دەدەمێ، کە ئافرەتێکی بێدەسەڵات ، دەیدات بە پیاوێکی بە دەسەڵات".
بەڵام، تۆ، خۆشەویستم، هێشتا لەسەرەتای ژیانت دایت، دەتوانی بە ئاسانی بە ڕێڕەوی ژیانت دا بڕۆی، ئەو ڕێڕەوەی زەویەکەی بە گوڵ داپۆشراوە. دەتوانی بە جیهانێکدا بڕۆی، دڵت بە چراوگێک، ڕێگات ڕووناک بکاتەوە. دەتوانی بەئازادی، گۆرانی بڵێی، قسە بکەی، هەڵسوکەوت بنوێنی. دەتوانی ناو لەسەر پەڕەی ژیان بنوسی، چونکە تۆ پیاوی، دەتوانی وەکوو گەورە بژی، چونکە سامانی باوکت تۆ لە بازاری کۆیلەکان دانانێ، بتکڕن و بتفرۆشن. دەتوانی هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی ئارەزووت بکەی، پێش ئەوەی بێتە ماڵەکەت، دەتوانی ڕێی پێبدەی لە ناو دڵت دابنیشێ و بەبێ هیچ بەرهەڵستێک، متەمانە ئاڵ و گۆڕ بکەن.
بۆ چەند چرکەیەک ، بێدەنگی باڵی بەسەرماندا کێشا، سەلما بەردەوام بوو، ئایا ئیستا ژیانمان لە یەکتری دانابڕێ و لە یەکتریمان جیاناکاتەوە، بە شێوەیەک تۆ ببیتە پیاوێکی مەزن، منیش بخاتە ناو ئەرکی ژن؟ ئایا هەر لەبەر ئەوەش نیە، دۆڵ لە قوڵاییەکەیدا، گۆرانی بولبول قوت دەدا و ڕەشەباش نێرینەو مێینەی گوڵ بڵاو دەکاتەوە و پێیەکان پێ لە پەرداغی ڕەشەبا دەنێن؟ ئەو شەوانەی لە لای درەختی یاسەمین لە ژێر ڕووناکی مانگەشەو بەیەکەوە بەسەرمان برد و گیانمان یەکی گرت و هەمووی بە بادا ڕۆیشت، ڕەشەبا بردی؟ ئایا ئێمە بەنەرمی بەرەو ئەستێرەکان نەفڕین، تا ئەوکاتەی باڵەکانمان ماندوو بوون، ئێستا ئێمە شۆڕ دەبینەوە بۆ شوێنێکی نادیار و ناو دۆزەخ؟ ئایا کاتێک خۆشەویستی هات بۆ لامان، خەوی لێکەوتبوو، کاتێک لە خەو هەستا لێمان

توڕە بوو، بڕیاری دا سزامان بدات؟ ئایا گیانمان هەناسەی شەوەکانی گۆڕی و پارچە پارچەی کردین و وەکوو خۆڵ بە قوڵایی دۆڵ دا بڵاوی کردینەوە؟ سەرپێچی ئامۆژگارییەکانمان نەکرد و لە میوە ڕێگە پێنەدراوەکەمان نەخواردووە، بەشێوەیەک ڕێگامان بدات لەو بەهەشتە دا بژین؟ کودەتامان نەکردوە، هەرگیز دژی کەس نەوەستاوین. کەواتا بۆچی ئێمە بۆ ناو دۆزەخ شۆڕ دەبینەوە؟ نەخێر، نەخێر، ئەو چرکەساتانەی تێی دا یەکمان گرت، لە سەدەکان گەورەترن، ئەو تیشکەی گیانمانی ڕووناک کردەوە، لە تاریکی بەهێز ترە ، خۆ ئەگەر شەیتان لە ناو ئەو زەریا هەوجانە جیامان بکاتەوە، شەپۆلەکان لە کەناری هێمن بەیەکمان دەگەیەنێتەوە، ئەگەر ئەم ژیانە بمان کووژێ، ئەوا مردن بەیەکمان دەگەیەنێتەوە.

دڵی ئافرەت لەگەڵ کات و وەرزدا دەگۆڕێ، خۆ ئەگەر بەخەمیشەوە بچەوسێتەوە، هەرگیز نامرێ. دڵی ئافرەت وەکوو کێڵگەیەک وایە، کرابێ بە گۆڕەپانی جەنگ، درەختەکان هەڵکەندرابن، گیایەکەی سووتێنرابێ و بەردەکانی بە خوێن سور بووبێ و زەویەکەی بە ئێسقان و کەللەی سەر چێنرابێ.هێمنیەکەی بە شێوەیەک بێ هەروەکوو بڵێی هیچ ڕووی نەدابێ، بەهار و پایز لەکاتی خۆیاندا بێن ودەست بە کارەکانیان بکەنەوە.

ئێستا، خۆشەویستەکەم، چی باشە بیکەین؟ چۆن لەیەکتری جیا ببینەوە؟ کەی بە یەکتری دەگەینەوە؟ ئایا خۆشەویستی وەکوو میوانێکی نامۆ دابنێین ، ئێوارە هات و بەیانیەکەی بەجێی هێشتین؟ ئایا ئەو هەفتەیە دابنێین بە کاتژمێرێکی ژەهراوی کردن، بە ئاگابوونەوەمان بیگۆڕین؟ سەرت بەرز بکەوە، خۆشەویستم، با تەماشات بکەم، لێوەکانت بکەوە، با دەنگت ببیستم. قسەم لەگەڵ بکە ! دوای ئەوەی شەیتان پاپۆڕی خۆشەویستیمان نقوم دەکا، منت لە یاد دەمێنێ؟ لە شەوانی هێمن دا، گوێت لە دەنگی شەقەی باڵەکانم دەبێ؟ گوێت لە ڕووحم دەبێ ئەوکاتەی بەسەرت دا دەخولێتەوە؟ گوێت لە هەناسەم دەبێ، سێبەرەکەم دەبینی کاتێک لە سێبەری خۆر ئاوابوون نزیک دەبێتەوە و لەگەڵ تروسکەی بەرەبەیان دیارنامێنێ؟ پێم بڵێ، خۆشەویستەکەم، ئیستا دەبیت بەچی، دوای ئەوەی بووی بە تیشکێکی سیحراوی، چوویتە ناو چاوەکانم؟

لەناو گوێیەکانمدا، بووی بە گۆرانیەکی شیرین؟ بووی بە باڵەکانی گیانم، ئیستا دەبیت بە چی؟

ئەو وشانەم بیست، دڵم وەکوو بەفر توایەوە، وەڵامم دایەوە، " خۆشەویستەکەم، من بەو شێوەیە دەبم، دەبم بەو شتەی کە تۆ دەتەوێت". ئینجا سەلما گوتی،" دەمەوێ منت خۆشبوێ، هەروەکوو شاعیر بیرۆکە غەمباریەکانی خۆشدەوێ، دەمەوێ یادم بکەی، هەروەکوو گەڕۆکێک یادی گۆماوێکی هێمن دەکا، کاتێک ئاوی لێخواردۆتەوە، وێنەکەی داوەتەوە، دەمەوێ یادم بکەی،

هەروەکوو دایکێک، یادی کۆرپە مردوەکەی دەکا پێش ئەوەی رووناکی ببینێـت، دەمەوێ یادم بکەی هەروەکوو پاشایەکی بە سۆز، یادی ئەو بەندکراوە دەکا کە مردوە پێش ئەوەی لیبوردنەکەی پێبگا، دەمەوێ هاورێم بیت، دەمەوێ سەردانی باوکم بکەی، دڵخۆشی بدەیتەوە لەو تەنیایەی کە تێیدا دەژیێ، چونکە من بەمزوانە بەجێی دەهێڵم و لە لای ئەو دەبم بە کەسێکی غەریب".
وەڵامم دایەوە، گوتم،" هەموو ئەو شتانەی گوتت دەیکەم، گیانم دەبێت بە بەرگێک بۆ گیانت، دڵم دەبێت بە نیشینگەی جوانیت و سینگم دەبێتە گۆڕی هەڵگری خەمەکانت. خۆشم دەوێی سەلما، هەروەکوو، چۆن ئاژەلە کێویەکان بەهاریان خۆشدەوێ. لەناو هەستی تۆدا دەژیم، لە ناو ژیانی گوڵەکان لەژێر تیشکی خۆر، ناوت دەکەم بە گۆرانی، هەروەکوو چۆن دۆڵ گۆرانی دەنگدانەوەی زرنگی کڵێساکان دەڵێ. گوێ لە زمانی ڕووحت دەگرم، ، هەروەکوو کەنارەکان گوێ لە  چیرۆکی شەپۆلەکان دەگرن، یادت دەکەم هەر وەکوو غەریبێک یادی وڵاتە خۆشەویستەکەی دەکا، هەروەکوو پیاوی برسی یادی داوەتەکەی دەکا، هەروەکوو پاشایەکی لەدەسەڵات لادراو، یادی مەزنیەکەی دەکا، هەروەکوو بەندکراوێک یادی کاتە ئاساییەکانی سەربەخۆیی دەکا. چڵەکان یادی کۆمە گوڵە گەنمەکان دەکەن لە کاتی هاڕینیان و بوونیان بە ئارد، هەروەکوو شوانێک یادی کێوە سەوزەکان و جۆگەلە شیرینەکان دەکاتەوە".
سەلما گوێی لە وشەکانم گرتبوو، دڵی لێی دەدا، گوتی، " سبەینێ ڕاستیەکان جنۆکاوی دەبن، بە ئاگابونیش دەبن بە خەو. ئایا خۆشەویستی ڕازی دەبێ خێو بیگرێتە باوەشی، یان ئایا پیاوی تینوو، تینوویەتیەکەی بە خەونی کانیاو دەشکێ؟"
وەڵامم دایەوە،" سبەینێ، چارەنووس ، تۆ لە ناوەڕاستی خێزانیکی ئاشتی دادەنێ، بەڵام من دەنێری بۆ جیهانی تێکۆشان و جەنگ، دەچیتە ماڵی کەسێک، لە ڕێگای جوانیەکەت، بێگەردییەکەت، بەختی کردی بە بەختەوەرترین کەس، بەڵام من لە ژیانێکی چەوسانەوە و ترس دا دەژیم. تۆ دەچیتە ناو دەروازەی ژیان، بەڵام من دەچمە ناو دەروازەی مردن. تۆ پێشوازیت لێدەکرێ، بەڵام من لەناو تەنیایی دەبم، پەیکەری خۆشەویستی لە دۆڵی مردندا دەتاشم ،دەیپەرستم. خۆشەویستی دەچێژم و وەکوو جل و بەرگ لەبەریدەکەم. لە بەرەبەیان خۆشەویستی لە خەو  هەڵم دەستێنێ، دەمبات بۆ ناو کێڵگەی دوور، نێوەڕۆیان پێشم دەکەوێ، دەمبات بۆ سێبەری درەختەکان، لەوێ لەگەڵ باڵندەکان لەبەر گەرمی خۆر، پەناگەیەک دەدۆزینەوە. لەکاتی ئێوارە پێش خۆر ئاوابوون ڕامدەگرێ بۆ ئەوەی گۆرانی ماڵئاوایی سروشت کە لە ڕووناکی ڕۆژ بینیبووم و خێوی هەورەکان لە ئاسمان سەوڵ لێدانم نیشان دەدن.

لەشەو دا، خۆشەویستی دەمگرێتە باوەشی، دەخەوم و خەون بەجیهانی بەهەشت دەبینم، ئەو شوێنەی خێوی خۆشەویستان و شاعیرانی لە خۆ گرتوە. لەبەهاردا لەگەڵ خۆشەویستم، بەناو بنەوشەکان و یاسەمینەکاندا دەڕۆم، پاشماوەی دڵۆپەکانی زستان لە پەرداخی سەوسەندا دەخۆمەوە. لە هاویندا لە کای کۆمەڵە گەنم ، سەرین دروست دەکەم، و گیا دەکەین بە دۆشەک لەسەری بخەوین و لە کاتی تەماشاکردنی ئەستێرەکان و مانگ، ئاسمان دامان دەپۆشێ. لە پایزدا من و خۆشەویستی دەچینە ناو باغی ترێ، لەتەنیشت ئامێری دروستکردنی شەراب دادەنیشین، تەماشای هێشووی ترێ کان دەکەین، کە لە جوانیە ئاڵتونیەکانیان ڕووت دەکرێنەوە. باڵندە کۆچ ڕەوەکان بەسەرماندا دەفڕن، لەزستان لەتەنیشت ئاگردان دادەنیشین، چیرۆکە کۆنەکان دەخوێنینەوە، وڵاتە دورەکان تۆماردەکەین.

لەکاتی لاویم، خۆشەویستی، مامۆستام دەبێ، لە کاتی پیاویم، یارمەتیدەرم دەبێ، وە لەکاتی پیریم، شیرینیم دەبێ.

سەلما، خۆشەویستم، خۆشەویستی تا کۆتایی ژیان لەگەڵم دەبێ، لە دوای مردن، دەستی خوا، بەیەکمان دەگەیەنێتەوە".

ئەو هەموو وشانە لە قوڵایی دڵمەوە هاتن، هەروەکوو گڕی ئاگرن لەناو ئاگردان هەڵبەزە دەکا، گەش دەبێ، لە کۆتاییدا لە ناو خۆڵە مێش کۆتایی دێت و دیار نامێنێ. سەلما گریا، هەروەکوو بڵێی چاوەکانی دەتروکان، بە فرمیسکەوە وەڵامی دامەوە. ئەوانەی خۆشەویستی باڵی پێنەداون، ناتوانن لەگەڵ هەورەکان بفڕن، بۆ ئەوەی لە ئاسمانی تەلیسماویدا کە گیانی سەلما و گیانی منی تێدا بوون لەو ساتە خۆشە خەمباریە، خۆشەویستی وەکوو بە دوا چوونەرەکان دەستنیشان نەکراون، بانگەوازی خۆشەویستی نابیستن، ئەو چیرۆکە بۆ ئەوان نیە. خۆ ئەگەر لە لاپەرەکانیشی تێبگەن، هەست بە ناڵێڵیەکەی ناکەن، بە وشەکان دانەپۆشراون، لەسەر کاغەز نین. بەڵام ئایا ئەو مرۆڤە چیە کە هەرگیز شەرابی لە پەرداخی خۆشەویستیدا نەخواردبێتەوە. ئەو گیانە چیە کە هەرگیز بە جوانی لە پەرستگادا دانەنیشتبێ، ئەوەی کەناری شەقامەکان لە دڵی پیاو و ژن دروستکراون. بنمیچەکەشی درەختی نهێنی خەونەکانن، چی گوڵێکە کە هەرگیز بەیان دڵۆپەی خوناوی بەسەردا نەباراندبێ. چی جۆگەلەیەک، ڕێڕەوەکەی وونکردوە و نەچۆتە ناو ڕوبار؟ سەلما سەری بەرزکردەوە تەماشای ئەستێرەکانی بەهەشتی کرد کە بە ئاسمانەوە هەڵواسراون. سەلما دەستەکانی بڵاو کردەوە، چاوەکانی فراوان بوون، لێوەکانی لەرزین. لەسەر دەمو چاوە لێڵەکەی، نیشانەکانی غەم، بێهیوایی و ئازارم دەبینی. گریا،" خوایە گیان، ئافرەت چیکردوە ، بەم شێوەیە

ئازاری بدەی؟ چی تاوانێکی کردوە، بەمشێوەیە سزای بدری؟ چی تاوانێکی کردوە، بەم شێوەیە سەرزەنشت بکرێ؟ ئای خوایە، بەهێزم کە، من لاوازم. بۆ وام لێدەکەی ئازار بچێژم؟ خوای گەورە و بەهێز، من هیچ نیم، خوڵقاوێکی لاوازم، لەبەردەم تەختەی سەرت دا ، کڕنوش دەبەم. بۆچی لە ژێر پێت دا ئاوا دەمهاڕی؟ خوایە، ئەی زریانی مەزن، من هەر وەکوو خۆڵ وام، بۆچی فڕێم دەدەیتە سەر زەوی سارد؟ خوای بەهێز، من بێدەسەڵاتم، بۆ لەگەڵمدا دەجەنگی؟ خوای گەورەم، من وریام، بۆچی وێرانم دەکەی؟ تۆ ئافرەتت لەگەڵ خۆشەویستیدا دروستکردوە، بۆجی لەگەڵ خۆشەویستی وێرانی دەکەی؟ بەدەستی ڕاستت بەرزی دەکەیەوە و بەدەستی چەپیشت فڕێی دەدەیە ناو دۆزەخ، ئەو ئافرەتە نازانی بۆ وای لێدەکەی. لە دەمیدا هەناسەی ژیان هەڵدەقولێ، لەناو دڵیدا تۆوی مردن دەچێنی. خواوەندی گەورە، ڕێگای خۆشی نیشان بدە، لە رێگای ناخۆشی پێشی بکەوە، خوایە، گۆرانی خوشی دانێ، لێوە غەمبارەکانی داخە، زمانی لە ئازار دوور بگرە. بە پەنجە تەلسماویەکانت، برینەکانی تیمار بکە، بەدەستی پیرۆزت، ئەو ئازارە ترسناکەی دەور و پشتی خۆشەویست لابەە. لەجێگای خەوتنی، ئارامی و خۆشی بڕێژە. لەهەمان کاتدا، خوای گەورە، بەربەستەکان و ترسی لێدور بخەوە، سۆزی ئارەزوومەندی بەهێز بکە، لە سۆزیەوە شەرم هەڵقولێنە. خوای گەورە، جوانی دروستکردن نیشان بدە، خوای گەورە، خۆشەویستی جوانی بووەتە برسییەتیەکی ترسناک. ژیان چێشتن بخە ناو پەرداخی مردن، ژیان چێشتن بخە ناو پەرداغی ژیان. خوایە لەگەڵ فرمێسکەکان ، بێگەردی بکە، ژیان لەگەڵ فرمێسکەکان بەجۆگەلەدا دەڕوات. خواوەندی مەزن، خواوەندی مەزن، چاوەکانی لەگەڵ خۆشەویستیدا کردەوە و لەگەڵ خوشەویستیدا، چاوەکانمی کوێر کرد. تۆ بەلێوەکانت ماچت کردم، بەدەستە بەهێزەکانت لێت دام.خوایە گوڵێکی سپیت لە دڵدا ڕواند، بەڵام بە دەورەیدا شوورەیەکی دڕکت دروست کرد. خوایە ، ئێستای منت بە پیاوێکی لاو بەستەوە، کە من خۆشم دەوێ، بەڵام ژیانی من لەگەڵ جەستەی پیاوێکی تر دەبێ کە نایناسم. خوایە یارمەتیم بدە، بەهێز بم لەم تێکۆشانە، هاوکارم بە بۆ ئەوەی ڕاستگۆ، سوپاسگوزاربم تاوەکوو مردن. بتوانم بخەوم، ئای خوای گەورە. بێدەنگی بەردەوام بوو، سەلما سەری دانەواند، لاواز و زەرد هەڵگەڕاو، قۆڵەکانی شۆڕ ببوونەوە، بۆمن هەر وەکوو بڵێی ڕەشەبا لقی درەختێکی شکاندۆتەوە، شۆڕی کردۆتەوە و وشک دەبێ و دەمرێ. دەستی ساردی سەلمام گرت، بەڵام کاتێک هەوڵم دا دڵ نەوایی بدەمەوە، من هەستم کرد لە سەلما زیاتر پێویستیم بە دڵدانەوە بوو. بێدەنگ بووم، بیرم لە کێشەکەمان دەکردەوە، گوێم لە لێدانی دڵم دەگرت، هەردووکمان هیچیتر قسەمان نەکرد.

چەوسانەوەی بێ بەدەر بێدەنگە، بە بێدەنگی دانیشتین، ڕەق بوین، وەکوو کۆمەڵێک پاشماوەی سوتاو، لەژێر خۆڵی بومەلەرزەدا. هیچمان ئارەزووی گوێگرتنمان لە یەکتری نەمابوو، چونکە پەتی دڵمان لاواز بوو بوو، لەوانەیە هەناسەدان پساندنبی.

نیوە شەو بوو، مانگمان دەبینی لە پشت چیای سونین دەردەکەوت، لە ناوەندی ئەستێرەکان بە دیار دەکەوت، وەکوو دەم و چاوی تەرمێک لەناو کفن دا دەورەی درابێ بە مۆمی لاواز. لەو کاتەدا لوبنان، وا دەردەکەوت هەر وەکوو پیاوێکی پیرەمێرد، لەگەڵ تێپەڕبوونی تەمەن، پشتی چەمابێتەوە ، چاوەکانی حەشارگەی نەخەوتن بن، تەماشای تاریکی دەکەن، چاوەڕێی بەرەبەیانن. وەکوو بڵێی داوای دانیشتن لەسەر خۆڵەمێشی ئێسقانەکانی پاشماوەی کۆشکەکیدا بکات. شاخەکان، درەختەکان، ڕووبارەکان دەرکەوتنیان لەگەڵ کات و وەرزەکان دەگۆڕن ، هەر وەکوو پیاو لەگەڵ ئەزموونەکان، سۆزی دەگۆڕێ. داری خانەدان لە ڕۆژدا خۆی لەشێوەی بووک نیشاندەدا، هەروەکوو لوولە دوکەڵ لەکاتی ئێواراندا، ئەو بەردە قورسەی لە کاتی نیوەڕۆدا خۆ ڕاگرە، لە کاتی ئێوارە، هەژار و ناشیرینە، زەوی شوێنی خەوتنیەتی و ئاسمانیش پێخەوت، هاژەی ڕووبار کە سەرلەبەیانیان دەیبیستین، گۆرانی هەتا هەتاییە دەیڵێ. کاتێک ئێوارە دادێ، جۆگەلەی فرمێسکەکان دەناڵێنن، هەروەکوو لاوانەوەی دایک بۆ منداڵی. ئەو لوبنانەی هەفتەی پێشوو، سەرکێش بوو، ئەو کاتەی مانگ چواردەبوو، گیانمان دڵخۆش بوو، ئەو شەوە غەمبار و تەنیایی بوو.

هەستاین و ماڵئاواییمان لە یەکتری کرد، خۆشەویستی بەغەمباری لە نێوانمان دا ڕاوەستا، هەروەکوو دوو خێو، یەکێکیان باڵەکانی بڵاو دەکردەوە پەنجەکانی لەسەر قوڕگمان دانابێ و ئەوی تر بە شاراوەیی دەگریا.

دەستی سەلمام گرت، لێوەکانم لەسەر دەستی دانا، ئەویش لێم نزیکبووەوە ، ناوچاوانی ماچ کردم، بەر بووەوە سەر تەختەدارەکە. چاوی نووقاند، زۆر بەنەرمی چرپاندی، " ئای خوای گەورە، لێم ببورە، باڵە تێکشکاوەکانم چاکبکەوە!". کاتێک لە باغەکە سەلمام بەجێهێشت، هەستم کرد، وامزانی هەستم بەپەردەیەکی ئەستوور داپۆشرا، هەروەکوو تەم سەر ڕووی گوڵەکان دادەپۆشێ.

جوانی درەختەکان، ڕووناکی مانگ، بێدەنگیەکی قوڵ، هەموو شتێک دەربارەی من زۆر ناشیرین و ترسناک دەرکەوت. تیشکی ڕاستەقینە، ئەوەی جوانی و گەورەیی گەردوونی نیشاندام، گۆڕا، بوو بە گڕەیەک لە ئاگر، دڵمی سووتاند، ئەو مۆسیقا خۆشەی دەمبیست، بوو بە غڵبەغڵبێک، لە ناڵەی شێر ترسناکتر بوو.

گەیشتمەوە ژوورەکەم، هەروەکوو باڵندەیەکی بریندار، ڕاوچی پێی کابێ، کەوتمە سەر چێ خەوتنەکەم، وشەکانی "سەلما"م لە میشکم دا دووبارە دەکردەوە." ئای خوای گەورە، لێمببورە، باڵە تێکشکاوەکانم چاک بکەوە".

## بەشی حەوتەم: لە پێش کورسی مەرگ

لەم ڕۆژانەدا شوکردن بووە بەگالتەجاڕی، پیاوانی گەنج و کەسوکار بەڕێوەی دەبەن. لە زۆربەی وڵاتان، پیاوە لاوەکان دەیبەنەوە، کەسوکار دەیدۆڕێنن. هەر وەکوو شتومەک تەماشای دەکرێ، لەماڵێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ ماڵێکی تر. کاتێک جوانیەکەی نامێنێ وەکوو پارچە ڕایەخێکی کۆنی لێدێ، لە قوژبنێکی تاریک فڕێدەدرێ.

شارستانیەتی نوێ، ئافرەتی کەمێک ژیرتر کردوە، بەلام ئازارەکانی زیاتر بووە بە هۆی ئارەزووی پیاو، ئافرەتی دوێنی، هاوسەرێکی دڵخۆشبوو، بەڵام ئافرەتی ئەمڕۆ بووە بە دۆستی ناشیرین، لە ڕابووردوو دا ئافرەت بە کوێری بە ڕووناکیدا دەڕۆیشت، بەڵام ئافرەتی ئێستا بە چاوی کراوەوە بە تاریکیدا دەڕوات. لە نەزانیدا جوان بوو، لەسادەییدا ڕێزدار بوو، لە لاوازیدا بەهێز بوو. ئەمڕۆکە ئافرەت لە زیرەکیدا ناشیرین بووە، بەلابەلا تەماشای دەکرێ، لەزانیندا بێ دڵ بووە، دەبێ ڕۆژێک بێت، جوانی و مەعریفەت، جوانی و ڕێزلێنان، لاوازی جەستە، بەهێزی گیان، هەمووی لەیەک ئافرەت دا کۆ ببێتەوە؟

من یەکێکم لەو کەسانەی باوەڕیان وایە پێشکەوتن بنەمای ژیانی مرۆڤە، بەڵام ڕۆیشتن بۆ کامڵ بوون، لەسەرەخۆیە و بەئازارە. ئەگەر ئافرەت لە لایەنێکەوە خۆی بەرز بکاتەوە، ئەوا لەلایەنێکی تر پاشەکشە دەکا، ئەمەش هۆکارەکەی ئەویە ڕێچکەی چوون بۆ سەر چیاکان پڕە لە بەربەست و دز و گەلەگورگ. ئەو نەوە غەریبە، لەنێوان خەوتن و بەئاگایی دەژی، لەناو دەستیدا خۆڵی ڕابووردوو و تۆوی داهاتوی هەڵگرتوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەهەموو شارێک ئافرەتێک دەبینین نمونەی داهاتوو بێت.

لەشاری بێروت، سەلما کەڕامی نمونەی داهاتوی ئافرەتی ڕۆژهەڵاتیە، بەڵام هەروەکوو زۆرینە، درۆی پێش وەختە، بووە بە قوربانی ئێستا، وەکوو گوڵ لە لقەکەی بووبێتەوە، و ئاوی ڕووبار بردبێتی، سەلما بەناو سەرنەکەوتنی بەرەوپێشدا ڕۆیشت.

مەنسور بێگ و سەلما هاوسەرگیریان کرد، پێکەوە لە خانویەکی جوان لە راس بێروت دەژیان، ئەو ناوچەیە دەوڵەمەند و سەرمایەدارانی لێدەژین.

فارس ئەفەندی کەرامی لە ناو ماڵەکەی ناوەڕاستی باغ و بێستانەکاندا بەتەنیایی مایەوە، هەروەکوو شوانێک لە ناو مێگەلە مەڕەکیدا بەجێ مابێ.

ڕۆژان و شەوانی پیرۆزی هاوسەرگیری تێپەربوون، بەڵام مانگی هەنگوینی، یادەوەری کات و خەمی تاڵی لە دوای خۆی بە جێهیشت، هەروەکوو جەنگ کەللە سەرەکان و ئێسقانی مردوو لە گۆڕەپانی جەنگ بەجێدەهێڵێ. ئابڕوی هاوسەرگیری ڕۆژهەڵاتی، ئیلهام بە دڵانی پیاو و ژن دەبەخشێ. بەڵام لەکۆتاییدا بەریان دەداتەوە، هەروەکوو بەربوونەوەی بەرد بۆ بنی دەریا. خۆشیەکەی وەکوو شوێن پێیەکان لەسەر لمی کەنار دەریا دەمێننەوە، تا ئەو کاتەی شەپۆلەکان دێن، دەیشواتەوە.

بەهار ڕۆیشت، هەروەها هاوین و پایزیش ڕۆیشتن، بەڵام خوشەویستی سەلما لەناخمدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیاد بوون دا بوو، تاوەکوو بوو بە جۆرێک لە پەرستنی بێدەنگ، هەستی هەتیوێک بۆ گیانی دایکی کە لە بەهەشتە، ئارەزووم بۆ سەلما گۆڕا بوو بە غەمێکی کوێر، لە خۆی زیاتر هیچی تر نەبینێ. ئەو ئارەزووەی فرمێسکی لە چاوەکانم دەڕژاند، بوو بەسەر لێشێوان، خوێنی لە دڵم دەمژی، هەستی دەروونیم بوو بە پارانەوەی بەردەوام بۆ مەبەستی بەختەوەری سەلما و هاوسەرەکەی و باوکی.

هیواو پاڕانەوەکانم بێسوود بوو، چوونکە ژیانی تاڵی سەلما نەخۆشیەکی ناوەکی بوو، تەنها مەرگ دەتوانێ کۆتایی پێ بهێنێ.

مەنسور بێگ پیاوێک بوو، هەموو پێداویستیەکانی ژیانی زۆر بە ئاسایی بەدەست هێنابوو، لەگەڵ ئەوەشدا، چاوی دەبڕیە هەموو شتێک، هەرگیز تێر نەدەبوو. دوای خواستنی سەلما، مەنسور بێگ باوکی سەلمای پشتگوێ خست، لە یەزدان دەپاڕایەوە باوکی سەلما بمرێ، بۆ ئەوەی دەست بەسەر سامانەکەیدا بگرێ.

هەڵسوکەوتی مەنسور بێک وەکوو هەڵسوکەوتی مامی وابوو، تاکە جیاوازی، ئەوە بوو سەرۆک قەشەی مامی بەنهێنی هەموو شتێکی دەستکەوتبوو، لە ژێر پەردەی ئەو عەبایەی لەبەری دەکرد و لە ژێر ئەو خاچەی لەسەر سینگی هەڵی واسیبوو، لە کاتێکدا، برازاکەی هەموو شتێکی بە ئاشکرا دەکرد.

سەرلەبەیانی سەرۆک قەشە چوو بۆ کەنیسە، بە درێژایی ڕۆژ لە بیوەژنان و هەتیوان و پیاوانی سادە عەقڵ دەدزی. بەڵام مەنسور بێگ بە تێرکردنی ئارەزوی سێکسی ژیانی بەسەر دەبرد. ڕۆژانی یەکشەممە، سەرۆک قەشە بۆڵوس غالب، وتاری ئایینی کتێبی پیرۆزی دەخوێندەوە، بەڵام ڕۆژانی تر هەرگیز وتاری نەدەخوێندەوە، کاری بە ناوەڕۆکی وتارەکانی نەدەکرد، بەجێی نەدەهێنان. خۆی

سەرقاڵ دەکرد بە کودەتای خۆجێی، بەپشت بەستن بە شوێنی مامی، مەنسور بێگ، کارەکانی تەرخانکردبوو و بەکاری دەهێنان بۆ مسۆگەرکردنی سیاسی ئەو کەسانەی بەرتیلیان دەدا.
سەرۆک قەشە بۆڵوس جۆرە دزێک بوو لە ژێر تاریکی شەو خۆی حەشار دابێ، بەڵام مەنسور بێگی برازای دزێک بوو بە شانازیەوە بە ڕۆژی رووناک دەگەڕا. هەرچەندە گەلانی ڕۆژهەلات باوەڕ و متەمانەیان بەم جۆرە پیاوانە هەیە- گورگەکان و سەربڕەرەکان، وڵات بۆ ئامانج و ئارەزووی خۆیان وێران دەکەن، دراوسیکانیان بەدەستی پۆڵایی دەهاڕن.
بۆچی من لێرە ئەو لاپەڕانە بەو وشانە پڕ دەکەمەوە دەربارەی چەوسانەوەی نەتەوە و ستەم لێکردنن لەجیاتی باسکردنی ئافرەتێکی بێزار و دڵشکاو؟ بۆچی من فرمێسک دەرێژم بۆ خەڵکی چەوساوە. لە جیاتی ئەوان فرمێسکەکانم هەڵگرم بۆ یادەوەری ئافرەتێکی لاواز بە ددانەکانی مەرگ ڕفێندراوە؟
خوێنەری بەڕێز، ئایا تۆ وا نازانی ئافرەتێکی ئاوا قەشەکان و دەسەڵات داران ستەمی لێدەکەن؟ ئایا باوەڕ ناکەی خۆشەویستیەکی دڵشکاو ئافەرەت دەگەیەنێتە ناو گۆڕ؟ هەروەکوو بێهیوایی لە ناو خەڵکانی سەر زەوی بڵاو بۆتەوە؟ ئافرەتێک بۆ گەل وەکوو ڕووناکی چرا وایە. پێویستە ڕووناکیەکەی بە کەمبونی نەوت کەم نەبێتەوە؟
پایز تێپەڕی، ڕەشەبا دەستی پێکرد، گەڵا زەردەکان لە درەختەکان هەڵدەوەرێنێ، ڕێگای هاتنی زستان خۆشدەکات. زستان بەناڵەو گریانەوە هات، . تاوەکوو ئێستا من هەر لە بێروت بووم، بە بێ هاوەڵ، خەونەکانم دەپاراست، ئەو خەونانەی گیانمی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان، ئینجا لە قوڵایی زەویدا دەیناشت.
ڕوحی غەمبارم لە تەنیاییدا هەستی بە ئارامی دەکرد، ڕقی لە خەڵکە هەروەکوو مامزێکی بریندار، مێگەل بەجێ دەهێڵێ و لەناو ئەشکەوتدا دەمێنێتەوە تاوەکوو چاک دەبێتەوە یان دەمرێ.
ڕۆژیکیان بیستم فارس ئەفەندی نەخۆشکەوتووە، تەنیایەتییەکەمم بەجێهیشت چووم بۆ سەردانی، بە ڕێگایەکی تردا ڕۆیشتم، بەتەنیایی بەناو درەختەکانی زەیتوندا، بە ڕێگا سەرەکیەکەدا نەڕۆیشتم، کە تەقە تەقی ویلەکانی گالیسکە هەراسانت دەکا.
گەیشتمە ماڵی پیرەمێرد، چوومە ژوورەوە، دیتم فارس ئەفەندی لەسەر جێگاکەی پاڵ کەوتووە، لاواز بووە، زەرد هەڵگەڕاوە، چاوەکانی پڕ بوو بوو، هەروەکوو دوو دۆڵی قوڵ، بە خێوی ئازار ،تاریک بووبێ. ئەو زەردەخەنەیەی هەرگیز دەموچاوی بەجێ نەدەهێشت، پارچەپارچە بووە و بە

ئازار و ئێشی زۆر، ئێسقانی دەستەکانی کە جاران ڕێک و پێکبوون، ئێستاکە وەکوو لقەکانی داری ڕووتبوەوە، پێش هەڵکردنی زریان دەلەرزێ.
لێی نزیکبوومەوە، لە باری تەندروستیم پرسی، ڕووە زەردەکەی وەرگێڕا، تەماشای کردم، لەسەر لێوە لەرزۆکەکانی، زەردەخەنەم بەدیکرد، بەدەنگێکی لاواز گوتی،"کوڕم بڕۆ - بڕۆ بۆ ژوورەکەی تر، دڵنەوایی سەلما بدەوە، بابێ لە تەنیشت جێگاکەم دابنیشێ.
چوومە ژوورەکەی تەنیشتی ، دیتم سەلما لەسەر تەختەکە پاڵکەوتوە، سەری بە قۆڵەکانی داپۆشیوە، بالیفەکەی لەسەر دەموچاوی داناوە، بۆ ئەوەی باوکی گوێی لە گریانی نەبێ. لێی نزیک بوومەوە، زۆر بە نەرمی و بەهێمنی ناویم درکاند، ڕاچڵەکی و ترسا، هەروەکوو بڵێی لە خەوێکی ترسناک دابوو بێ و بەخەبەر هات، هەستا دانیشت، تەماشای کردم، چاوی پڕ غەم، گومانی دەکرد ئایا من جنۆکەم یان مرۆڤم.
دوای بێدەنگیەکی قوڵ، لەسەر باڵەکانی یادەوەری ئێمەی بردەوە ناو ساتێک، بە شەرابی خۆشەویستی مەست بوو بێ، سەلما فرمێسکی چاوەکانی سڕیەوە، گوتی،" بزانە چۆن کات ئێمەی گۆڕی! بزانە چۆن کات ژیانمانی گۆڕی، لەناو ئەو وێرانیەدا بەجێی هێشتین! هەر لێرە بەهار بە ئیسقانی خۆشەویستی بەیەکی بەستینەوە، هەرلێرەش بەیەکەوە لە بەردەم کورسی مەرگ داینایین. بەهار چەند خۆشبوو، ئەو زستانەش چەند ناخۆشە".
ئەمانەی گوت، بەدەستەکانی دەموچاوی داپۆشیەوە هەروەکوو بڵێی چاوەکانی لە خێوی ڕابووردوو لە نێوانماندا وەستابێ دەپاراست. دەستم لەسەر سەری دانا، گوتم، " سەلما وەرە، وەرە با وەکوو باڵەخانە لە بەردەم زریان بەهێز بین. باوەکوو سەربازی ئازا لەپێش دوژمن بوەستین، ڕوو بەڕووی چەکەکان ببینەوە، ئەگەر کوژراین، ئەوا وەکوو شەهید دەمرین، و ئەگەر جەنگمان بردەوە ئەوا وەکوو پاڵەوان دەژین. ئازایانە لە پێش بەربەستەکان و سەختیەکان بوەستین زۆر بە ئابڕو ترە لەوەی پاشەکشە بکەین، خۆمان بەدەستەوە بدەین.
ئەو پەپوولەیەی بە دەورەی چرادا دسووڕێتەوە زۆر بەڕێزترە لە نەمرێک لە تونێڵێکی تاریکدا.
سەلما، وەرە با بەڕووسوری بەو ڕێگا سەختەدا بڕۆین ، چاوەکانمان ڕوو لە خۆر بێ تاوەکوو کەللە سەرەکان و هەژدیهاکان لەنێو بەردەکان و دڕکەکاندا نەبینین، ئەگەر ترس لەناوەڕاستی ڕێگادا بمان وەستێنێ ئەوا تەنها گوێمان لە دەنگی شەو دەبێ، گاڵتەمان پێدەکا، بەڵام ئەگەر بەئازایانە بگەینە سەر لووتکەی چیا، ئەوا دەگەین بە گۆرانیەکانی ئاسمان، گۆرانیەکانی سەرکەوتن و خۆشی. پێبکەنە، سەلما، فرمیسکەکانت بسڕەوە، غەم لەسەر ڕوخسارت لادە. هەستە با بچین لە تەنیشت

جێگای باوکت دابنیشین، چونکە ژیانی باوکت پەیوەستە بە ژیانی تۆ، زەردەخەنەکەت تاکە دەرمان و چارەسەرکەری باوکتە.

بەنەرمی و سۆزەوە تەماشای کردم، گوتی،" ئایا داوام لێدەکەی ئارام بم، کە تۆ خۆت پێویستیت بە ئارامی هەیە؟ ئایا پیاوی برسی نانەکەی دەدات بە پیاویکی برسیتر؟ یان ئایا پیاوێکی نەخۆش دەرمانەکەی دەدات بە پیاوێکی نەخۆشتر، کەخۆی زۆر پێویستی پێیەتی؟".

سەلما هەستایە سەر پێ، سەری بۆ پێشەوە شۆڕ ببوەوە، چوینە ژووری پیرەمێرد، لە تەنیشت جێگاکەی دانیشتین. سەلما زەردەخەنەیەکی قورسی نیشاندا، وا خۆی دەرخست کە ئارامە. باوکی هەوڵی دا سەلما باوەڕ بکا کە تەندروستی باشە و بەهێزتریش دەبێ، بەڵام هەردوکیان، باوک و کچ، ئاگاداری غەمباری یەکتری بوون، هەستی بێدەنگیان دەبیست. هەردوکیان وەکوو دوو هێزی یەکسان وا بوون، بە بێدەنگی لە یەکتری دوور دەکەوتنەوە. دڵی باوکی دەتوایەوە بە هۆی ئەو کێشەیەی کچەکەی تێی کەوتووە. ئەوان دووگیان بوون، یەکێکیان لەسەر ڕۆیشتن بوو، ئەوی تریان بە پەژارەوە ئازاری دەچێشت، خۆشەویستی و مەرگ باوەشی لێدابوون، منیش لەگەڵ کێشەی دڵم لە نێوان هەردووکیاندا بووم. سێ کەس بووین، کۆ ببوینەوە، دەستی قەدەر دەی هاڕین.

پیرەمێرد وەکووماڵێک بوو لافاو وێرانی کردبێ، ئافرەتێکی گەنج، هیمای سەوسەن، بە تەورێکی تیژ و پیاوێکی لاو سەری لێکرابێتەوە، نەمامێکی لاواز بوو لەگەڵ بەفربارین دەچەمایەوە، لەناو دەستی چارەنووسدا ببووین بە یاری منداڵان.

فارس ئەفەندی لەسەرەخۆ جوڵا، دەستی بۆ سەلما درێژ کرد، بەدەنگێکی سۆز و خۆشەویستی گووتی،" خۆشەویستەکەم سەلما دەستم بگرە، سەلما دەستی گرت، ئینجا فارس ئەفەندی گوتی، "من تەمەنێکی درێژ ژیاوم، میوەی هەموو وەرزەکانی ژیانم خوارد، بە هەموو ڕوەکانی ژیاندا تێپەر بووم و بەرگریم کرد. ئەو کاتەی دایکتم لەدەست دا، تەمەنت سێ ساڵان بوو، هەروەکوو سامانێکی بەنرخ تۆی لە باوەشمدا بەجێهیشت. سات بە سات چاودێری گەورە بوونتم دەکرد، ڕوخسارت، روخساری دایکت وەدەر دەخات، هەروەکوو وێنەی ئەستێرەکان لە سەر ڕووی گۆمە ئاوێکی هێمن.کەسایەتیت و زیرەکیت، جوانیەکەت هەمووی هی دایکتە، هەتا شێوازی قسەکردن و توڕەبونیشت هەر چۆتەوە سەر دایکت.

لەم ژیانەدا تۆ تاکە دڵدانەوەی منی، لە هەموو کارێک و وشەیەکدا تۆ وێنەی ڕاستەقینەی دایکتی. ئیستا پیر بووم، تاکە شوێنی ئارام بۆ من لە نێوان باڵەکانی مەرگدایە. دڵخۆش بە،

خۆشەویستەکەم، چونکە من ئەوەندە ژیام بت بینم بووی بە ئافرەت. دڵخۆشبە چونکە من لە دوای مردنیش لە ناو تۆدا دەژیم. ڕۆیشتنم ئەمرۆ، جیاوازی نیە لە گەڵ ئەوەی سبەینێ یان دوو سبەی بڕۆم و بە جێت بهێڵم، ڕۆژەکانمان وەکوو گەڵاکانی پایز هەڵدەوەرن، ساتەکانی ڕۆژەکانم وەکوو گەڵاکانی پایز دەوەرن. ساتی مەرگم بە خێرایی نزیک دەبێتەوە، گیانم ئارەزوو دەکات بەگیانی دایکت بگاتەوە".

ئەم وشانەی بە خۆشەویستی و شیرینی درکاند، دەموچاوی گەشایەوە. دەستی بردە ژێر بالیفەکەی، وێنەیەکی دەرهێنا، لەناو چوارچێوەی ئاڵتون دا بوو. چاوەکانی لەسەر ئەم وێنە بچوکە بوو، گوتی" وەرە ، سەلما، وەرە، دایکت لەناو ئەم وێنە بچوکەدا ببینە". سەلما، فرمێسکەکانی سڕیەوە، ماوەیەک لە وێنەکەی ڕوانی، چەند جارێک ماچی کرد و گریا،" ئای، دایکی خۆشەویستم، ئای دایە گیان!". لێوەکانی لەسەر وێنەکە دانا، هەروەکوو بڵێی ئارەزوو بکا گیانی بخاتە ناو وێنەکە.

جوانترین وشە لە سەر لێوەکانی ئادەمیزاد وشەی "دایکە"، جوانترین بانگ لێکردن ئەوەیە بڵێی " دایە گیان". وشەیەک پڕ لە هیواو خۆشەویستی، وشەی جوان و شیرین لە قووڵایی دڵەوە هەڵدەقولێ. دایک هەموو شتێکە- دایک لە کاتی غەمباری دڵنەواکەرمانە. لەکاتی ناخۆشیمان، هیوامانە، لەکاتی لاوازیمان، بە هێزکەرمانە. دایک سەرچاوەی خۆشەویستی و لێبووردن و دڵدانەوەی سۆزمانە. پیاو کە دایکی لەدەست دەدا، گیانی بێگەردی لە دەست دەدا، ئەو دایکەی بەردەوام پیاو پیرۆز دەکا و دەیپارێزێ.

هەموو شتێک لە سروشتدا دەنگدانەوەی دایکە. خۆر دایکی زەویە، خواردنی بیستنیەتی، خۆر هەرگیز گەردوون بەجێ ناهێڵێ، تا ئەو کاتەی زەوی بە گۆرانی ڕووبار و سرودی باڵندەکان وجۆگەلەکان دەخەوێ. زەویش دایکی درەختەکان و گوڵەکانە، زەوی بە بەرهەمیان دێنێ و بە خێویان دەکا و جیایان دەکاتەوە. درەختەکان دەبن بە دایکی سۆز بۆ میوەکانیان و تۆوەکانیان. دایک نمونەی بوونی سەرەتایی هەموو شتێکە، گیانی هەتا هەتاییە، پڕ لە جوانی و خۆشەویستی.

سەلما کەرامی دایکی نەدیتبوو، نەیناسیبوو، چونکە کاتێک دایکی مرد، سەلما زۆر منداڵ بوو. بەڵام سەلما کە وێنەی دایکی بینی گریا،" ئای دایە!". ووشەی دایک لەناو دڵمانا شاراوەیە، لە کاتی غەمباری و خۆشیدا، دێتە سەر لێوەکانمان، هەروەکوو بۆن لە دڵی گوڵەکانەوە دەردەچێ، تێکەل بە هەوای بێگەرد و هەوای هەوراوی دەبێ.

سەلما لە وێنەی دایکی ڕوانی، چەند بارە ماچی کرد، تا ئەو کاتەی لە هۆش خۆی چوو، کەوتە سەر جێگای باوکی.

پیرەمێرد هەردوو دەستی لە سەر سەری سەلما دانا، گوتی،"منداڵەکەم، وێنەی دایکتم لەسەر کاغەز نیشان دای، ئیستا گوێم لێبگرە، ووشەکانی دایکتت پێدەڵێم.
سەلما سەری بەرز کردەوە، هەروەکوو جوجکەی باڵندە، لەناو هێلانەکەیدا، گوێی لە دەنگی باڵی دایکی دەبێ،" دایکت تۆی بەخێو دەکرد ئەو کاتەی باوکی لەدەست دا، کە باوکی لەدەست دا گریا، بەڵام دایکت ژیر و هێمن بوو، هەر لەو ژوورە لەتەنیشم دانیشتبوو، کە ماوەی ماتەمینی تەواو بوو، دەستی گرتم، گوتی،" فارس ئێستا باوکم مرد. لەم جیهانە تۆ تاکە دڵنەوایی منی، سۆزی دڵەکان دابەشبوون هەروەکوو لقەکانی درەختی ئەرز، خۆ ئەگەر درەختێک لقێکی بە هێزی لەدەستدا، ئازار دەچێژێ، بەڵام نامرێ. هەموو چالاکیەکەی بۆ لقەکەی تری تەرخان دەکا، تاوەکوو گەشە بکات و بۆشاییەکە پڕ بکاتەوە". دایکت ئەمەی پێگوتم ئەو کاتەی باوکی لەدەستدا، تۆش پێویستە هەمان شت بڵێی کاتێک مەرگ جەستەم دەبا بۆ ناو گۆڕ و گیانم دەبات بۆ ژێر مەرحەمەتی خوا".
سەلما بە دڵی شکاو و فرمێسک ڕشتنەوە وەڵامی دایەوە،" کاتێک دایکم باوکی لەدەستدا، تۆ جێگای باوکیت گرتەوە، ئایا کاتێک تۆ دەڕۆی، کێ جێگات دەگرێتەوە؟ دایکم لە ژێر چاودێری خۆشەویستی و ڕاستگۆیی مێردەکەی بەجێ ما. دایکم دڵنەوایی دیت لە ناو کچە بجکۆلانەکەیدا، بەڵام کێ دڵنەوایی من دەداتەوە کاتێک تۆ دەڕۆی و بەجێم دەهێڵی؟ تۆ باوک و دایکم بووی، هاوڕێی لاویم بووی".
سەلما ئەم وتانەی گوت و ڕووی وەرگێڕا، لایەکی جلەکەمی گرتبوو، تەماشای کردم، گوتی" ئەوە تاکە هاوڕێیە هەمبێت دوای ڕۆیشتنت، بەڵام چۆن دڵنەوابیم دەداتەوە، لە کاتێکدا خۆی ئازار دەچێژێ؟ چۆن دڵێکی شکاو دەتوانێ دڵنەوایی لەناو دڵێکی بێهیوا دا بدۆزێتەوە؟ ئافرەتێکی غەمبار، بە دراوسێیەکی غەمبار دڵخۆش ناکرێ، باڵندەی باڵ شکاو ناتوانێ بفڕێ. ئەو پیاوە هاوڕێی گیانمە، بەڵام من خەمێکی قورس و بارگرانم خستۆتە سەرشانی، چاوەکانیم بە فرمێسکەکانم داپۆشیوە، بە شێوەیەک جگە لەتاریکی هیچی تر نابینێ، برایەکە زۆرم خۆشدەوێ، هەروەکوو هەموو براکان وایە، هاوبەشی غەمم دەکا و فرمێسکەکانم دەسڕێتەوە، ئەو فرمێسکانەی تاڵی ژیانم زیاد دەکا و دڵم دەسوتێنێ.
ووشەکانی سەلما دڵی بریندار کردم، هەستمکرد، نابی من زۆرتر گرینگی بدەم. پیرەمێرد بە دڵێکی گوشراو گوێی لێگرتبوو، دەلەرزی، هەر وەکوو ڕووناکی چرا لەپێش با دەلەرزێ. دەستی بڵاو کردەوە، گوتی،" ڕێگام بدە، کچەکەم، بە ئارامی بڕۆم. دارەکانی ئەو قەفەزەم شکاندوە، ڕێگام پێبدە بفرم، ڕام مەگرە، دایکت بانگم دەکا. ئاسمان بێگەردە، دەریاش هێمنە، بەلەم ئامادەیە بڕوا،

گەشتەکەم دوامەخە، ڕێگای جەستەم بدە پشوو بدات لەگەڵ ئەوانەی پشوویانداوە، با خەونم کۆتایی پێ بێ، دڵم لەگەڵ بەرەبەیان بەخەبەر بێ، باگیانت باوەش لەگیانم بدا، ماچی هیوام بدەرێ، بەڕێگاوە با دڵۆپەکانی غەم و تاڵیەکەی بکەونە سەر جەستەم، نەوەک گوڵەکان و گیاکان خواردن قبوڵ نەکەن.

فرمێسکی ژانی دڵ لەسەر دەستم مەڕێژە، نەوەک وەکوو درک لەسەر گۆڕم شین ببن. هێڵی ئازار لەسەر ناوچاوانم مەکێشە، نەوەک کاتێک ڕەشەبا هەڵدەکا، خۆڵ و ئێسقانم لە ناوچاوانم لانەبات، بیبات بۆ دەشت و کێوی سەوز.....کچەکەم، خۆشم ویستی کاتێک ژیام، خۆشم دەوێێ دوای مردنم، ڕووحم هەردەم چاودێریت دەکا و دەتپارێزێ".

کاتێک فارس ئەفەندی تەماشای کردم، چاوەکانی نیوە نوقاو بوو، گوتی" ببە بە برایەکی ڕاستەقینەی سەلما، هەروەکوو باوکت برای ڕاستەقینەم بوو. یارمەتیدەر و هاوڕێی کاتی پێویستی بە، مەهێڵە غەمگین بێ، چونکە غەمبار بوون بۆ مردو هەڵەیە. حیکایەتی خۆشی بۆ دوبارە بکەوە، گۆرانی ژیانی بۆ بڵێ، بۆ ئەوەی غەمی لەبیر بچێتەوە. من بەبیر باوکت بهێنەوە ، داوای لێبکە چیرۆکی لاویت بۆ باس بکات، پێی بلێ لە دوا ساتەکانی ژیانم لە گیانی کوڕەکەیدا ئەوم خۆشم ویست".

بێدەنگی باڵی کێشا، تاریکایی مردن، لەسەر دەموچاوی پیرەمێرد دەرکەوت. چاوەکانی سوڕاند، تەماشای هەردووکمانی کرد، چرپاندی،" داوای پزیشک مەکەن، با لەو گرتوو خانەیە، حوکمەکەم بە بەکار هێنانی دەرمان درێژ نەکاتەوە. ڕۆژانی کۆیلەیی پەرستن تێپەڕ بوو، گیانم حەزی لە ئازاری ئاسمانە. داوای قەشە مەکەن بێتە تەنیشتم، چونکە ئەگەر من کافر بم، تەلقین و پاڕانەوەکەی نامپارێزێ و ئەگەر بێتاوان بم نام بات بۆ بەهەشت. ئارەزووی مرۆڤایەتی ناتوانێ ئارەزووی یەزدان بگۆڕێ، هەر وەکوو جادوکەران ناتوانن ڕێڕەوی ئەستێرەکان بگۆڕن. بەڵام دوای مردنم، ڕێگا بە پزیشکەکان و قەشە بدەن ئەوەی دڵیان خۆشدەکا بابیکەن، پاپۆڕم بەناو دەریادا دەڕوات تاوەکوو دەگاتە دوا مەنزڵی.

لە نیوەشەو فارس ئەفەندی بۆ دواجار چاوەکانی هەڵهێنا، تەماشای سەلمای کچی کرد،کە لەتەنیشت جێگاکەی لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو. هەوڵیدا قسەبکات، بەڵام نەیتوانی، چونکە مەرگ دەنگی بڕیبوو، بەڵام لە کۆتاییدا توانی بڵێ، " شەو ڕۆیشت.... ئای سەلما..... ئای....ئای...سەلما".

سەری دانەواند، ڕوخساری سپی هەڵگەڕا، لەگەڵ هەناسەی ، زەردەخەنەم لەسەر لێوەکانی دی.

سەلما هەستی بەدەستی باوکی کرد. سارد بووە. سەلما سەری بەرزکرد، تەماشای ڕووی باوکی کرد. بە پەردەی مردن داپۆشراوە. سەلما بە جۆرێک پەشۆکابوو، نەیدەتوانی فرمێسک بڕێژێ، هەناسەی دەدا، نەیتوانی بجووڵێ. بۆ ساتێک تەماشای باوکی کرد، چاوەکانی وەکوو پەیکەر وەستابوون، ئینجا چەمایەوە، هەتا ناوچاوانی لە زەویدا، گوتی،" ئای خوای مەزن، بەزەییت پێمدابێ، باڵە تێکشکاوەکان چاک بکەوە....".

فارس ئەفەندی کەرامی مرد، گیانی چووە ناو باوەشی هەتا هەتایی، جەستەی گەڕایەوە بۆ خاک. مەنسور بێگ غالب مافی بەدەست بەسەرداگرتنی سامانەکەی باوکی سەلمای وەدەست هێنا. سەلما بوو بە بەندی ژیان- ژیانی ناخۆشی و ماتەمینی.

من لەناو غەم و خەیاڵدا ونبووم، شەوان و ڕۆژان منیان دەخوارد، هەروەکوو باز قوربانیەکەی دەخوا. زۆر کات هەوڵم دەدا ئەو بێبەختیەم لەبیر ببەمەوە، بە کتێب خوێندنەوە و نووسینەکانی پێشوو، بەڵام وەکوو ئەوە وابوو بەنەوت ئاگر بکوژێنیتەوە. جگە لە تراژیدی هیچی ترم لەبارەی بەرەو پێشچوونی ڕابوردوو نەدەبینی، جگە لە گریان و شیوەن. خویندنەوەی کتێبی ئیش زۆر لەلام خۆشتر بوو لە خوێندنەوەی کتێبی بێغەمبەر زەبور وشیعری خەیاڵکردنی ئەرمیا و سروودی پێغەمبەر سولەیمان. شانۆگەری هاملێت لە دڵم نزیکتر بوو لە ناو هەموو دڕاماکانی نوسەرانی ڕۆژ ئاوا. بێهیوایی بینینمان لاواز دەکا، گوێیەکانمان دادەخا. ناتوانین هیچ ببینین جگە لە جنۆکەکانی مەرگ، تەنها گوێمان لە لێدانی دڵی سووتاومانە.

## بەشی هەشتەم: لە نێوان مەسیح و عەشتار

لە ناوەڕاستی باغەکان و گردەکان،  بێروت یان بە لوبنانەوە بەستۆتەوە، پەرستگایەکی بچووکی لێیە، کۆن و مێژوویە لە بەردی سپی هەڵکەندراوە، دەورە دراوە بە درەختی زەیتوون و لۆز و ڕووەکی سەفساف.  هەرچەندە ئەو پەرستگایە نزیکەی نیو میل لە ڕێگای سەرەکیەوە دوورە، خەڵکانێکی زۆر کەم سەردانی دەکەن، زۆر بەکەمی ئارەزووی بینینی پاشماوە دێرینەکانیان هەیە. یەکێکە لەو شوێنە دڵگیرانەی لوبنان، شاردراوەتەوە و لەبیر کراوە. چونکە لە هەموو لایەک دابڕاوە، بۆتە بەهەشتی نوێژکەران و پەرستیاران و مەزارگەی عاشقانی تاک لا.
کە دەچیتە ناو پەرستگا، لەسەر دیواری لای ڕۆژهەڵاتی وێنەیەکی فینیقی دەبینی، لەبەرد هەڵکەندراوە، باسی عەشتار دەکا،" خواوەندی خۆشەویستی و جوانی"، لەسەر کورسی عەرش دانیشتووە و بە حەوت کچی ڕووت دەورە دراوە. بە شێوازی جیاواز وەستاون. یەکەمیان چرایەکی هەڵگرتوە، دووەمیان گیتار، سێیەمیان ئامێری دوکەڵ (بخوور)کردن، چوارەمیان جارێک شەراب، پێنجەم لقێکی گوڵ،  شەشەم باقەیەک لۆرێل و حەوتەم تیر و کەوان، هەموویان بەرێزەوە تەماشای عەشتار دەکەن.
لەسەر دیواری دووەم، وێنەیەکی تر کێشراوە، لەوەی پێشتر نوێترە، شێوەی مەسیح لەسەر خاچ بە بزمار داکوتراوە. لە تەنیشتی وێنەی دایکی و ماری ماگدەلێن هەیە، لەگەڵ وێنەی دوو ئافرەتی تر دەگرین. ئەو وێنەیە بەیزەنتینیە، وانیشان دەدا کە لە سەدەی پازدەهەم یان شاژدەهەم دروستکرابێ.
لەسەر دیواری لای ڕۆژئاوا، دوو کون هەن، ڕێگا بە تیشکی خۆر دەدەن بێتە ژوورەوەی پەرستگا، تیشکەکان دەکەونە سەر وێنەکان، وا هەست دەکەی وێنەکان بۆیە کراون بە ڕەنگی ئاوی زێڕ. لەناوەڕاستی پەرستگا، شووشەیەکی چوارگۆشەیی لێیە و بۆیەی کۆن لەسەری بەدی دەکرێ، هەندێکیان بە زەحمەت لە ژێر چراوگە خوێناویە بەردینەکانەوە دەبینرێن، وات نیشان دەدا کە خەڵکانی کۆن لەسەر ئەو بەردانە قوربانیان پێشکەش کردووە، بۆن و شەراب و ڕۆنیان بەسەردا ڕشتوە.
جگە لە بێدەنگیەکی قوڵ، هیچ شتێکی تر لەو پەرستگایەدا نیە، ئاماژەی ژیانی نهێنیەکانی خواوەندە،  بەبێ وشە، باسی نەوەکانی ڕابوردوو و بەرەو پێش چوونی ئایینەکان دەکا، ڕۆخساری شاعیران دەبا بۆ جیهان، لە وانەی دەژین و باوەڕ بە فەیلەسوفەکان دەکەن کە دەڵێن مرۆڤ بە

ئایینەوە لە دایک دەبێ، بە پێویست هەستیان دەکرد، کە ئەوان ناتوانن هیماکان وێنە بکێشن و بیان بینن، ئەو مانایەی نهێنیە شاراوەکانی ئاشکرا کرد لە گەڵ ئارەزوویان بۆ ژیان و مردن.
لەو پەرستگایە لەگەڵ سەلما مانگی جارێک یەکترمان دەبینی، چەند ساتێکمان بەیەکەوە بەسەر دەبرد، تەماشای ئەو وێنە غەریبانەمان دەکرد، بیرمان لە مەسیحی هەڵواسراو دەکردەوە و تەماشای پیاو و ژنانی فینیقیمان دەکرد کە لەو سەردەمەدا ژیاون، خۆشەویستی و جوانیان لە کەسایەتی عەشتار دا پەرستووە، بە سووتاندنی بۆن لە پێش پەیکەرەکەی، و ڕشتنی عەتر لەسەر مەزارگەکەی، خەڵکانێک هیچیان نەماوە باسی لێوە بکەن، جگە لە ناوەکانیان، دووبارە کردنەوەیان لەگەڵ تێپەڕ بوونی کات لە بەردەم نەمری و هەتا هەتایی.
نوسینەوەی یادەوەری ئەوساتانەی لە گەڵ سەلما بەسەرم بردوە ئاسان نیە، داهاتومان دەترسێنێ. وردە وردە نهێنیە شاراوەکانمان لە قوڵایی دڵمان دەردەهێنێ، گازاندەی یەکتری دەکەین لەسەر ئەو ئێش و ئازارەی چێشتمان، هەوڵ بدەین دڵنەوایی خۆمان بدەینەوە، بە هیوای خەیاڵی خەونە غەمگینەکان، هەموو کات و دواتریش هێمن دەبینەوە، فرمیسکەکانمان دەسڕینەوە، زەردەخەنە نیشان بدەین، جگە لە خۆشەویستی هەموو شتێک لەبیر خۆمان ببەینەوە، باوەشمان لەیەکتری دا، تاوەکو دڵمان توایەوە، ئینجا سەلما ناوچاوانمی ماچ دەکرد و دڵمی پڕ دەکرد لە خۆشی، منیش دەتوانم کاتێک گەردنی درێژی دادەنوێنێ ماچی بکەمەوە، لەو کاتەی کوڵمەکانی سوور هەڵدەگەڕێن هەروەکوو یەکەم تیشکی بەرەبەیان لەگردەکان دەدا. بەبێدەنگی تەماشای شەبەقی دوورمانکرد، هەردووکمان ڕەنگاوی بووین بە ڕەنگی پرتەقاڵی خۆر ئاوابوون.
وتوو وێژمان تەنها لەسەر خۆشەویستی نەبوو، زۆر جار باسی باسە هەنووکەییەکانمان دەکرد، بیر و ڕامان ئاڵوگۆڕ دەکرد. لەکاتی وتوو وێژماندا، سەلما باسی شوێنی ئافرەتی لە ناو کۆمەڵدا کرد، هەڵسوکەوتی نەوەکانی ڕابوردوو کاری لەسەر کەسایەتیەکەی کردبوو، پەیوەندی نێوان ژن و مێرد، گەندەڵی، نەخۆشیەکانی دەروونی، ترسی لەسەر ژیانی هاوسەرگیری سەلما بەجێهێشتبوو. لەبیرمە دەیگوت،" شاعیران و نوسەران هەوڵدەدەن لە ڕاستی ژن تێبگەن، ، بەڵام تاوەکوو ئەمڕۆ نەیانتوانیوە لە نهێنیە شاراوەکانی ناو دڵی ئافرەت تێبگەن. چونکە ئەوان تەماشای ئافرەت دەکەن لە پشت پەردەی سێکسەوە، جگە لە ڕۆخساری دەرەوەی ئافرەت، هیچ شتێکی تر نابینن، ئەوان بە هاوێنە لە لایەنی ڕق و کینەوە، تەماشای ئافرەت دەکەن، ،هیچ نادۆزنەوە جگە لە لاوازی و خۆبەدەستدانی ئافرەت.

له دیدارێکی تر دا، سەلما ئاماژەی بە وێنە هەڵکەندراوەکانی سەر دیوارەکانی پەرستگا دەکرد، گوتی، " لەناو دڵی ئەو بەردەدا، دوو هیما هەیە، ئاماژە دەکەن بە گەوهەری ئارەزووەکانی ئافرەت و ئاشکراکردنی نهێنیەکانی گیانی، لە نێوان خۆشەویستی و غەمباریدا دێت و دەڕوا- لە نێوان هەست و قوربانی، لە نێوان عەشتار لەسەر کورسی عەرش دانیشتوە، حەزرەتی مەریەم لە تەنیشت خاچ وەستاوە. پیاو سەربەرزی و ڕێز دەخوازێ، نرخەکەشی ئافرەت دەیدات".

جگە لە خوا و پۆلی باڵندەکان کە بەسەر پەرستگادا دەفڕین، هیچ کەسی تر نەیدەزانی، ئێمە بە نهێنی لێرە یەکتری دەبینین. سەلما بە گالیسکەکەی دەهاتە پارکی پاشا، لە وێشەوە بەپێ دەهاتە پەرستگاکە، منی دەدۆزیەوە، کە زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانیم دەکرد.

لە چاوی خەڵک نەدەترساین و ویژدانمان ئازاری نەدەداین، گیانێک بە ئاگر پاککرابووەوە و بە فرمێسک شۆرابووەوە زۆر بەرزتر بوو لەوەی خەڵک شەرمی لێبکا و هاوڕا نەبن. بەدەر بوو لە یاساکانی کۆیلەیی و بیر و ڕا بەسەر چووەکان، کە دژن بە هەستی دڵی مرۆڤ. ئەو گیانە بەسەربەرزی، بەبێ شەرم دەتوانی لەبەردەم عەرشی خوا ڕابوەستێ.

کۆمەلگای مرۆڤ بۆ ماوەی حەفتا سەدە، یاساکانی گەندەڵی وەبەر هێناوە، هەتا وای لێهاتوە ناتوانی لە یاساکانی ئاسمان وهەتا هەتایی تێبگا. چاوی پیاوەکان لەگەڵ ڕووناکی لاوازی مۆمەکان ڕاهاتوە و ناتوانن ڕووناکی خۆر ببینن. نەخۆشی دەروونی لە نەوەیەکەوە بۆنەوەیەکی تر بەڕێگای بۆ ماوەیی گواستراوەتەوە، وای لێهاتووە بووە بە بەشێک لە خەڵک. ئەوانە وەکوو دیاردەیەکی سروشتی تەماشای دەکەن، نەک وەکوو نەخۆشی ، خوا بەسەر" ئادەم"ی دا باراندوە. ئەگەر ئەو خەڵکانە یەکێک بدۆزنەوە میکرۆبی ئەو نەخۆشیەی تێدا نەبێ، ئەو کەسە بە شەرمەزار و هاوڕانەبوون دا دەنێن.

ئەوانە وەکوو شەڕ بیر لە سەلما کەرامی دەکەنەوە، چونکە ماڵی هاوسەرەکەی بە جێهیشتووە و منی لە پەرستگا دەبینی، ئەوانە نەخۆش و کەم ئەقڵن، تەماشای تەندروستی و دەنگ وەکوو یاخی بوو دەکەن. ئەوانە وەکوو مێشوولەکان وان، لەتاریکی دەخشێن و لەترسی کاروان چیان تێر بوون. بەندیکراوانی زیندان ، دەرفەتی ڕاکردنیان هەبێ و ڕانەکەن ترسنۆکن. سەلما بەندکراوێکی بێتاوانی چەوساوە بوو. نەیتوانی خۆی لە کۆیلەیی ئازاد بکات. ئایا دەبێ سەرزەنشت بکرێ چونکە لە پەنجەرەی بەندیخانەکەیەوە، تەماشای کێڵگە سەوزەکان و ئاسمانی فراوانی کرد؟ ئایا خەڵک وای دادەنێ سەلما لەگەڵ هاوسەرەکەی ڕاستگۆ نەبووە، چونکە هاتووە لە تەنیشت من لە نێوان مەسیح و عەشتار دانیشتووە؟ خەڵک با ئەو شتانە بڵێن کە دڵیان خۆشدەکا، سەلما بەناو

گۆمە زەلکاوەکاندا تێپەڕ بوو، ئەو گۆمانەی گیانی کەسانی تری تێدا نقوم بووە، گەیشتە زەوی جیهان کە بە هاواری گورگەکان و چرپەی مارەکان هەرگیز پێناگا. خەڵک لەوانەیە لەسەر من هەموو شتێک بڵێن، ئەو گیانەی خێوی مەرگی بینیوە، لە دەموچاوی دزەکان ناترسێ، ئەو سەربازەی شیرەکانی دیتوە لەسەر سەری هەڵدەفڕین، جۆگەلەی خوێنی لە ژێر پێیەکانی بینیوە، گوێ بەو بەردانە نادا منداڵان لەشەقامەکان تێی دەگرن.

## بەشی نۆیەم: قوربانیدان

ڕۆژێکیان لە کۆتایی مانگی حوزەیران، ئەو کاتانەی خەڵک لەبەر گەرمای هاوین شار بەجێدەهێڵن ، ڕوو دەکەنە شاخ، هەروەکوو جاران بۆ بینینی سەلما چووم بۆ پەرستگا، کتێبێکی بچوکی شیعرەکانی "ئەندەلوس"م لەگەڵ خۆم برد. گەیشتمە پەرستگا، چاوەڕێی هاتنی "سەلما"م دەکرد، دەمڕوانیە نێوان کتێبەکەم، دێڕی شیعرەکانم دەخوێندەوە، پڕ لە خۆشیەکی یادەوەری پاشاکان و شاعیران و سوارچاکان ، ماڵئاواییان لە غەرناتە کردبوو، بەچاوی فرمێسکاوی و دڵی پڕ لەغەم بەجێیان هیشتبوو. باڵەخانەکانیان و پەیمانگاکانیان و هیواکانیان لە دوای خۆیان بەجێهێشت بوو. دوای کاتژمێرێک، "سەلما" م لەناو باغەکە دیت، لە پەرستگا نزیک دەبووەوە، خۆی چەماند بووەوە سەر چەترەکەی ، هەر وەکوو بلێی خەمی هەموو جیهانی لەسەر شانەکانی دانابێ. کاتێک هاتە ناو پەرستگا، تێبینیم کرد گۆڕان بەسەر چاوەکانیدا هاتووە، ئارەزووم دەکرد بزانم چی ڕوویداوە.

سەلما هەستی کرد چی بە خەیاڵمدا دادێ، دەستی لەسەر سەرم دانا، گوتی،" وەرە، لێم نزیک ببەوە، خۆشەویستەکەم، وەرە، لیم گەڕێ باتینیوتیەکەم بشکێنم، ساتی جیابوونەوەمان هات".

پرسیارم لێکرد،" ئایا هاوسەرەکەت، دەربارەی یەکتری بینینمان لێرە زانیووە؟ وەڵامی دامەوە،" هاوسەرەکەم گرنگیم پێنادا، نازانێ من چۆن کات بەسەر دەبەم، هاوسەرەکەم لە گەڵ ئەو کچە هەژارانە سەرقاڵە، ئەوانەی کەمدەرامەتی پاڵی پێوەناون بۆ ماڵی بەد ڕەوشت، ئەو کچانەی بۆ خاتری نان جەستەیان دەفرۆشن، خوێن و فرمێسکیان تێکەڵ بەیەکتری بوون".

لێم پرسی،" چی ڕێگات لێدەگرێ بێی بۆ پەرستگا لەبەردەم خوا، لەتەنیشتم دابنیشی؟ ئایا گیانت داوات لێدەکا لەیەکتری جیاببینەوە؟ بەچاوە فرمیسکاوەکانیەوە وەڵامی دامەوە،" نەخێر، خۆشەویستەکەم، گیانم داوای جیابوونەوەی نەکردوە، چونکە تۆ بەشێکی لە گیانم. چاوەکانم هەرگیز لەتەماشاکردنت تێر نابن، تۆ ڕووناکی چاوەکانمی بەڵام ئەگەر قەدەر نوسیبی دەبێ بەناو ڕێڕەوەی سەختی ژیان پڕ لە بەربەستدا بڕۆم، ئایا من قەناعەت دەکەم چارەنوسی تۆش وەک چارەنوسی منی لێبێ؟"، گوتی،" ناتوانم هەموو شتێک بڵێم، چونکە زمان بەئێش و ئازار بێدەنگ بووە و ناتوانم قسەبکەم، لێوەکانم مۆرکراون، ناتوانم بجوڵێم، ئەوەی دەتوانم پێت بڵێم ئەوەیە دەترسم تۆش بکەویتە ناو هەمان چاڵ کەمن تێی کەوتوم".

کاتێک لێم پرسی ،" سەلما مەبەستت چیە و لە کێ دەترسی؟" بەدەستەکانی دەموچاوی داپۆشی ، گوتی،" قەشە زانیویەتی من مانگی جارێک ئەو گۆڕە بەجێ دەهێڵم کەمنی تێخستووە".لێم

پرسی،" ئایا سەرۆک قەشە زانیویەتی ئێمە لێرە یەکتری دەبینین؟" وەڵامی دامەوە،" ئەگەر زانیبێتی، تۆ ئیستا منت لێرە نەدەبینی. گومانی هەیە، هەموو بەردەستەکان و پاسەوانەکانی ئاگادار کردۆتەوە لە نزیکەوە بە وردی چاودێری من بکەن. هەستدەکەم ئەو ماڵەی تێیدا دەژیم، ئەو ڕێڕەوەی پێیدا دەڕۆم، هەمووی چاون، چاودێریم دەکەن، پەنجەکان ڕوەو من درێژ کراون، گوێیەکان بیرەکانم دەبیستن".

بۆ چەند چرکەیەک سەلما بێدەنگ بوو، فرمێسکەکان بەسەر کوڵمەکانیدا دەهاتنە خوارەوە، گوتی،" من لە سەرۆک قەشە ناترسم، مرۆڤی تەر لە ئاوبردن ناترسێ، من لەتۆ دەترسم بکەویتە ناو چاڵی سەرۆک قەشە، ببیت بە نێچیری، تۆ هێشتا لاوی، هەروەکوو ڕووناکی خۆر ئازادی. من لە چارەنوس ناترسم، ئەو چارەنوسەی هەموو تیرەکانی لە سینگم داوە، لە هەژدیها دەترسم بە پێیەکانت بدات، نە هێڵێ بەسەر لوتکەی چیا بکەوەی، ئەو شوێنەی چاوەڕێی داهاتووت دەکا، بە خۆشی و سەربەرزی.

گوتم،" ئەوکەسەی هەژدیها پێوەی نەدابێ، گورگی تاریکی پارچەپارچەی نەکردبێ، ڕۆژان و شەوان هەڵی دەخەڵەتێنێ . سەلما، گوێم لێبگرە، بەئاگابە، گوێم لێبگرە، ئایا جیابوونەوە تاکە ڕێگایە لە خێوی خەڵک و دڵپیسان دورمان بخاتەوە؟ ئایا ڕێڕەوی خۆشەویستی و ئازادی داخراون، هیچ ڕێگایەکی تر نەماوە جگە لە خۆ بەدەستەوەدان بە دەستی ئارەزووی کۆیلەکانی مەرگ؟

وەڵامی دامەوە،" هیچ شتێک نەماوە جیابوونەوەمان بپارێزێ، ماڵئاوایی لە یەکتری بکەین" گیانم بوو بە دوو کەسایەتی، دەستی "سەلما"م گرت، زۆر بەجۆشەوە گوتم،" ماوەیەکی زۆرە سەرپێچی ئارەزووی خەڵکانمان نەکردووە، هەر لەو کاتەوەی یەکتری دەبینین و تاوەکوو ئێستا، کوێر پێشڕەویمان دەکا، لەگەڵ خەڵک لە بەردەم بتەکانیان ئەو پێشڕەوانانەمان پەرستووە.

هەر لەو کاتەوەی من و تۆ یەکتری دەبینین ، ئێمە کەوتوینەتە ناو دەستەکانی سەرۆک قەشە، هەروەکوو دوو تۆپ بەئارەزووی خۆی بەو شێوەیەی مەبەستیەتی هەڵمان دەدا. ئایا خۆمان بەدەستەوە بدەین تاوەکوو ئەو کاتەی مەرگ دەمانباتەوە؟ ئایا یەزدان هەناسەی پێبەخشیوین، تاوەکوو بیخەینە ژێر پێیەکانی مەرگ؟ ئایا خوا ئازادی پێبەخشیوین تاوەکوو بیکەینە سێبەری کۆیلەیی؟ ئەو کەسەی ئاگری گیانی بەدەستی خۆی نەکوژێنێتەوە ، لەبەر چاوی یەزدان کافرە؟ بەو ئاگرە یەزدان گیانی پێدەسوتێنێ.

ئەو کەسەی بەرهەڵستی چەوساندنەوە ناکات، خۆی دەکات بە نا دادپەروەر- سەلما من تۆم خۆشدەوێ، تۆش منت خۆشدەوێ، خۆشەویستی سامانێکی بەنرخە، دیاری یەزدانە بۆ گیانەکان و هەستەکان. ئایا ئەو دیاریە فڕێ بدەین، بەرازەکان بڵاوی بکەنەوە و پێی لێبنێن؟ ئەم جیهانە پڕە لە تێڕوانین و جوانی. بۆچی لەناو ئەو تونێڵە تەسکەدا بژین کە سەرۆک قەشە و یاریدەدەرەکانی بۆیان هەڵکەندووین؟ ژیان پڕە لە خۆشگوزەرانی و ئازادی، بۆچی ئەو بارە قورسە لەسەر شانمان لانەدەین، زنجیرەکانی پێیەکانمان نەپسێنین، بەرە و ئازادی و ئاشتی بڕۆین؟ هەستە با ئەو پەرستگا بچووکە بەجێبهێڵین، بڕۆین بۆ پەرستگا گەورەکەی یەزدان، هەستە با بڕۆین بۆ ووڵاتێک و کۆیلە پشتگوێ خستن بەجێبهێڵین، بڕۆین بۆ ووڵاتێکی دوور ، دەستی دزەکانی نەگاتێ.

با بەشەو بڕۆینە کەناری ئاو بە بەلەمێک لە زەریا بپەڕینەوە، بڕۆین بۆ ئەو شوێنەی پڕە لەخۆشی و لێک تێگەیشتن. بە گومان مەبە، سەلما ئەو خولەکانە بۆ ئێمە زۆر بەنرخترە لەتاجی سەری پاشایان و لە عەرشی فریشتەکان پیرۆزترە. با بەدوای ڕووناکی بکەوین، پێشرەویمان دەکا لەو بیابانە وشکە بەرەو کێڵگە سەوزەکان ، ئەو کێڵگانەی گوڵەکان و ڕووەکەکانی بۆن تێی دا دەڕوێن".

سەلما سەری لەراند، تەماشای شتێکی نەبینراوی لە بنمیچی پەرستگا کرد، زەردەخەنەیەکی غەمبار لەسەر لێوەکانی دەرکەوت، ئینجا گوتی،" نا، نا، حۆشەویستەکەم. یەزدان پەرداخێکی لەناو دەستم داناوە، پڕیەتی لە سرکە و تاڵی، . خۆمم ناچارکرد بیخۆمەوە، تاوەکوو تاڵی تەواو بزانم چۆنە، لەبنی پەرداخەکە هیچی تێدا نەما، جگە لە چەند دڵۆپەیەک، ئەوەش لەسەرەخۆ دەیخۆمەوە. من شایستەی ژیانێکی نوێ و خۆشەویستی نیم، من ئەوەندە بەهێز نیم، شیرینی و خۆشی ژیانێکی تر ببینم، چونکە باڵندەی باڵ تێکشکاو ناتوانێ بە ئاسمانی فراواندا بفڕێ.

ئەو چاوانەی فێری ڕووناکی لاوازی مۆمەکان بوون، ناتوانێ تەماشای خۆر بکا. باسی خۆشگووزەرانیم بۆ مەکە، وام لێدەکا ئازار بچێژم. باسی ئاشتیم بۆ مەکە، سێبەرەکەی دەمتۆقێنێ. تەماشام بکە، ئەو چرایەت نیشان دەدەم، کە یەزدان لە ناو خۆڵەمێشی دڵمدا هەڵیکردوە - تۆ دەزانی من تۆم خۆشدەوێ، هەروەکوو خۆشەویستی دایک بۆ منداڵە تاقانەکەی. خۆشەویستی فێری کردم کە بتپارێزم، نەک تەنها لەخەڵکان بەڵکو لە خۆشم.

خۆشەیستی بە ئاگر پاککراوەتەوە، رامدەگرێ، نایەڵێ دوات بکەوم بۆ دورترین ووڵات. خۆشەویستی ئارەزووم دەکووژێ، تۆ دەتوانی بەئازادی بێ وێنە بژی. خۆشەویستی سنووردار، داوای دەستبەسەرداگرتنی خۆشەویستیدا دەکات، بەڵام خۆشەویستی بێ سنوور تەنها داوای

خۆی دەکا. ئەو خۆشەویستیەی لە نێوان سادەیی و بە ئاگابونەوە دێن تەنها بە بونی خۆی ڕازیە، بە باوەش لێدان پێدەگا. ئەو خۆشەویستیەی لە باوەشی یەزدان لە دایک بووە، و لە گەڵ نهێنیەکانی شەو هاتۆتە خوارەوە، لەگەڵ هیچ شتێک ئاخافتن ناکا، جگە لە نەمری، و لەپێش هیچ شتێک بە جوانی ناوەستێ، جگە لە بەردەم خواوەند.

کاتێک زانیم سەرۆک قەشە نایەوێ ماڵی برازاکەی بەجێ بهێڵم وخۆشیەکەم لێبستێنێ، لەبەردەم پەنجەرەی ژوورەکەم وەستام، تەماشای دەریام دەکرد، بیرم لە وڵاتە دورەکانی پشت دەریا دەکردەوە، بیرم لە ئازادی ڕاستەقینە و سەربەخۆیی کەسی دەکردەوە کە دەکرێ لەوێ بیدۆزیتەوە. هەستم کرد لە نزیک تۆ دەژیم، بەسێبەری گیانت دەورە دراوم، لە زریانی سۆزی تۆدا نقووم بووم.

ئەو هەموو بیرۆکانە دڵی ئافرەت ڕەوشەن دەکاتەوە، وای لێدەکا لە ڕەوشتە کۆنەکان یاخی ببێ و لەسێبەری ئازادی دادپەروەری بژین وایلێکردم باوەڕ بکەم من لاوازم، خۆشەویستیەکەمان سنووردارە و خەیاڵە، ناتوانێ بەرامبەر ڕووی خۆر بوەستێ. وەکوو ئەو پاشایەی ووڵاتەکەی و سامانەکەی لێ زەوت کرابێ، بەڵام لەناکاو دەموچاوتم لە ناو فرمێسکەکانمدا دی، تەماشایان دەکردم، هاتەوە یادم کە تۆ جارێکیان پێت گوتم ( وەرە، سەلما، وەرە، با بەرامبەر باڵەخانەی زریان بەهێزبین، با وەکوو سەربازی ئازا، ڕوبەڕوی دوژمن بوەستین، بەرەنگاری چەکەکانی ببینەوە. ئەگەر کوژراین، ئەوا وەکوو شەهید دەمرین، و ئەگەر جەنگمان بردەوە ئەوا وەکوو پاڵەوان دەژین، بەربەستی ئازا و کاری قورس، بەئابڕوترە لە پاشەگەز بونەوە و خۆ بەدەستەوەدان).

خۆشەویستەکەم کاتێک مەرگ بەدەوری جێگای باوکت دا دەخولایەوە ، تۆ ئەو وشانەت درکاند. دوێنێ ئەو ووشانەتم بە بیر هاتەوە، ئەو کاتەی باڵی بێهیوایی بەسەر سەرمدا دەخولایەوە، . خۆم بەهێز کرد و هەستم کرد، ئەو کاتەی لە زیندانە تاریکەکەم دام، جۆرێک لە ئازادی بەنرخ، ئەستەمەکانمان ئاسان دەکا وغەمەکانمان کەمدەکاتەوە، دەیان ڕەوێنێتەوە. زانیم کە خۆشەویستیەکەمان لە زەریا قووڵترە، لە ئەستیرەکان بەرز ترە، لەئاسمانیش فراوانترە. من هاتمە ئێرە بۆ ئەوەی بتبینم، لە گیانی لاوازمدا، هێزیکی نوێ هەیە، ئەو هیزە بریتیە لە توانای قوربانی دان بە شتێکی مەزن، لە پێناوی وەدەست هێنانی شتێکی مەزنتر، قوربانیدان بە خوشیم، بەشێوەیەک تۆ بە ڕووسووری بمێنیتەوە، لە چاوی خەڵکدا ڕێزدار بی و دوور بی لە کودەتا و چەوساندنەوە.

له ڕایووردوو که دەهاتم بۆ ئێرە، هەستم دەکرد زنجیرێکی قورس ڕامدەکێشێ، بەڵام ئەمڕۆ بە هیوایەکی تر هاتم بۆ ئێرە، پێکەنین بە ئاڵقەی زنجیرەکان، ڕێگا کورت دەکاتەوە. وەکوو خێوێکی ترسنۆک دەهاتم بۆ ئەم پەرستگایە، بەڵام من ئەمڕۆ وەکوو ئافرەتێکی ئازا هاتم. ئەوەی لە قوربانی دان پەلە دەکا، نرخی ئازار چێشتن دەزانێ، ژنێک حەزدەکا خۆشەویستەکەی لە خەڵکانی بێباک و گیانی برسی، بپارێزێ.

من هەر وەکوو سێبەری لەرزۆک لە تەنیشتت دادەنیشتم، بەڵام من ئەمڕۆ هاتووم لە نێوان عەشتار ومەسیح، ڕاستەقینەی خۆمت نیشان بدەم. من درەختێکم لە سێبەر ڕواوم، ئەمڕۆ لقەکانم بڵاو کردۆتەوە بۆ ئەوەی لە ڕووناکایی ڕۆژ بشەکێنەوە. هاتووم پێت بڵێم، ماڵئاوا، خۆشەویستەکەم، هیوادارم ماڵئاواییمان مەزن و ترسناک بێ هەروەکوو خۆشەویستیەکەمان. با ماڵئاواییمان وەکوو ئاگر بێ ئاڵتون بچەمێنێتەوە و جوانتر بیدرەوشێنێتەوە.

سەلما ڕێگای نەدام قسەبکەم و نارەزاییم دەرببڕم، بەڵکو تەماشای کردم، چاوەکانی دەدرەوشانەوە، دەموو چاوی ئابڕوی لێدەباری، هەروەکوو فریشتەی بێدەنگ و ڕێزدار. خۆی فڕێدایە سەرم ، هەرگیز لە ڕابوردوودا ئەوەی نەکردوە، بەقۆڵەکانی باوەشی پێداکردم، ماچێکی درێژ و قووڵ و ئاگرینی لێوەکانمی کرد.

کاتێک خۆر ئاوا بوو، تیشکەکانی لە باغەکان و ڕەزەکان کشانەوە، سەلما چووە ناوەڕاستی پەرستگا، تەماشای دیوارەکان و قوژبنەکانی کرد، هەروەکوو بڵێی ڕووناکی چاوەکانی دەخاتە سەر وێنەکان و هیماکان. لە وێنەی مەسیح نزیک بوەوە، چووە سەر چۆکان و پێیەکانی مەسیحی ماچکرد، و چرپاندی،" ئای ، مەسیح ، من خاچم هەڵبژارد و جیهانی خۆشی و ئارەزووی عەشتارم بەجێهێشت.

جلە دڕکاویەکانم لەبەرکرد و جلی لۆریلم پشتگوێ خست، لە جیاتی عەتر و بۆن، خۆم بە خوێن و فرمیسک شوشت، لەجیاتی شەراب و گوڵاو، سرکە و تاڵیم خواردەوە، خواوەندی مەزن وەکوو یەکێک لە بە دوا کەوتووەکانت قبووڵم بکە و پێشڕەویم بکە. بێم بەرەو مەزنیـت ببە ، هەروەکوو ئەوانەی تۆیان هەڵبژاردووە، تێکەڵ بە وێنەت بوون، لەگەڵ غەمیان شیرین بوون".

سەری هەڵبڕی، تەماشای کردم، گوتی،" ئیستا بە دڵخۆشیەوە دەگەڕێمەوە ئەشکەوتە تاریکەکەم. ئەو ئەشکەوتەی خێوی ترسناک تێی دا نیشتەجێیە، دڵت پێم نەسووتێ، خۆشەویستەکەم، بۆ من دڵنیگەران مەبە، چونکە ئەو گیانەی سێبەری خوا دەبینێ، هەرگیز لە خێو و جادوەکانی شەیتان ناترسێ. ئەو چاوەی جارێک تەماشای یەزدانی مەزنی کردبێ، بە ئازاری جیهان داناخرێ.

سەلما ئەو وشانەی گوتوو پەرستگای بە جێهێشت، من لەوێ مامەوە، لە دەریایەکی قوڵدا وونبووم، لە جیهانی وەحی دا نقووم بووم، ئەو شوێنەی یەزدان لەسەر عەرش دادەنیشێ و فریشتەکان هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەنوسنەوە، رووحەکان تراژیدیای ژیان دەڵێنەوە، بووکەکان گۆرانی سرودی خۆشەویستی بەهەشت دەڵێن، غەمباری و نەمری.

کاتێک بەهۆش خۆم هاتمەوە، شەو داهاتبوو، خۆم بەسەرلێشێواوی لەناوەڕاستی باغەکاندا دیتەوە، دەنگدانەوەی هەموو وشەکانی"سەلما"م دووبارە دەکردەوە، بێدەنگیەکەیم دەهاتەوە یاد، جوڵەکانی، هەڵسوکەوتی، دەربڕینەکانی، دەست لێدانەکەی، تا ئەو کاتەی لە ماڵئاوایی و ئازاری تەنیایی تێگەیشتم.

زۆر دڵتەنگ و دڵشکاو بووم. یەکەمجارم بوو ئەو ڕاستیەم زانی کە هەرچەندە پیاو بە ئازادی لە دایک دەبێ، بەندی یاساکان دەمێنێتەوە، ئەو یاسایانەی باپیرانمان دایانناوە، ئەو ئاسمانەی واماندەزانی ناگۆڕێ، دەرئەنجامی ئەمڕۆیە بۆ ئارەزووی سبەینێ، خۆبەدەستدانی دوێنێ یە بۆ ئارەزووی ئەمڕۆ- زۆربەی کاتی ئەو شەوە، من بیرم لە یاسای گیان دەکردەوە، ئەو یاسایەی وایکرد سەلما لە جیاتی ژیان مەرگ هەڵبژێرێ. زۆر کات سەربەرزیم قوربانی بەراورد دەکرد بە دڵخۆشی یاخی بوەکان، بۆ ئەوەی بزانم کامیان جوانتر و ڕێزدار ترە، بەڵام تاوەکوو ئێستا لەناو هەموو شتەکان تەنها یەک ڕاستیم بۆ دەرکەوتووە، ئەویش ڕێزیە،کە هەموو کارەکانمان جوان و بە ئابڕوو دەکا، ئەو ڕێزیەش لەناخی سەلما کەرامی دا هەبوو.

## بەشی دەیەم: ڕزگارکەر

پێنج ساڵ بەسەر هاوسەرگیری سەلما تێپەڕی، هیچ منداڵیان نەبوو، بۆ ئەوەی پەیوەندی گیانی نێوان سەلما و هاوسەرەکەی بە هێز بکات، گیانی بێز لێکەرەوەیان بە یەکەوە ببەستێ. لە هەموو شوێنێک ئافرەتی دابڕاو بە باش تەماشا ناکرێ، چونکە زۆربەی پیاوان لە ڕێگای منداڵەکانیانەوە بە نەمر دەمێننەوە. پیاوانێکی زۆر وەکوو دوژمن تەماشای ئەو ئافرەتانە دەکەن منداڵیان نابێ، ڕکیان لێیەتی بەتەنیایی دەیهێڵنەوە، هیوای مردنی بۆ دەخوازن. مەنسور بێ غالب لەو جۆرە پیاوانە بوو، لە ڕووی ماددەوە ، وەکوو خاک بوو، ڕەق وەکوو ئاسن، چاو برسی وەکوو گۆڕ. ئارەزووی بونی منداڵ بۆ ئەوەی لەدوای خۆی ناو و سومعەی هەڵبگرێ، وایلێکرد ڕکی لە سەلما بێت. هەرچەندە سەلما جوان وشیرین بوو.
درەخت لە ئەشکەوتدا بڕوێت، بەرناگرێ، سەلما لەسێبەری ژیاندا دەژیا، گوێی بە منداڵبون نەدەدا....... بولبول لە ئەشکەوتدا هێلانە دروست ناکا، بۆ ئەوەی بچوەکانی کۆیلە نەبن..... سەلما زیندانی خەمبوو، ئارەزووی یەزدان بوو کە سەلما زیندانیەکی تری نەبێ هاوبەشی ژیانی بکا. گوڵی کێڵگەکان منداڵی سۆزی خۆرن، خۆشەویستی سروشتن، منداڵانی پیاوەکان سۆز و خۆشەویستین.
گیانی خۆشەویستی و سۆز، هەرگیز لە ماڵە جوانەکەی سەلما لە راس بێروت نەبوو، بەهەرحاڵ سەلما هەموو شەوێک لەبەردەم یەزدان کڕنوشی دەبرد، دەپاڕایەوە خوا منداڵێکی پێ ببەخشێ، خۆشی و دڵنەوایی سەلما بداتەوە...... بەردەوام دەپاڕایەوە تاوەکوو یەزدان پاڕانەوەکەی قبووڵکرد.... درەختی ناو ئەشکەوت لەکۆتاییدا گەش بووەوە، بەری گرت. بولبول لەناو ئەشکەوت بە پەڕی باڵەکانی دەستیکرد بە دروستکردنی هێلانە، سەلما قۆڵەکانی بەرەو یەزدان درێژکرد بۆ وەرگرتنی دیاری خودا، هیچ شتێک لە جیهان نەیدەتوانی سەلما دڵخۆش بکا وەک ئەوەی ببێت بە دایک.
سەلما زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەکرد، ڕۆژانی دەژمارد، چاوی لە داهاتوو بوو خوای مەزن و شیرین دەنگی منداڵ بخاتە بەر گوێی....
دەستی کرد بە دیتنی داهاتووی گەشی بەرەبەیان لەناو فرمێسکەکانیدا.
مانگی نیسان بوو سەلما لەناو جێگای ئێش و ئازاردا ڕاکشا، ئەوکاتەی ژیان و مەرگ دەجەنگان. پزیشک و مامان ئامادەبوون، بۆ هێنانی میوانی نوێ بۆ جیهان. درەنگانی شەو سەلما دەستیکرد بە گریانی یەک لەدوای یەک، گریانی ژیانی هاوبەشی...گریانی بەردەوامی ئاسمان لە

هیچەوە....گریانی هێزی لاواز لە بەردەم هێزە نەگۆڕە مەزنەکان... گریانی سەلمای هەژار، بە بێزاری لە ژێر پێیەکانی ژیان و مەرگدا پاڵکەوتبوو.

بەرەبەیان سەلما کوڕێکی بوو. کاتێک سەلما چاوی هەڵهێنا لەهەموو لایەکی ژوورەکەوە زەردەخەنەی دی، جارێکی تر تەماشای کرد ، لە تەنیشت جێگاکەی، ژیان و مەرگ دەجەنگن، چاوەکانی داخست، گریا، بۆ یەکەمجار گوتی،" ئای ، کوڕەکەم" ، مامانەکە کوڕەکەی بە قوماشی نەرم پێچایەوە،مەلۆتکەی کرد، لەتەنیشت دایکی داینا، بەڵام پزیشکەکە بەردەوام تەماشای سەلمای دەکرد، زۆر بەپەرۆشەوە سەری دەهەژاند.

دەنگی خۆش دراوسێکانی بە ئاگا هێنا. بەڕاکردن هاتنە ناو ماڵ بۆ پیرۆزبایی لێکردنی باوک بە بۆنەی لەدایکبوونی میراتگر، پزیشکەکە بەردەوام لە سەلما و کوڕەکەی دەڕوانی، سەری بادەدا....

خزمەتکارەکان بەڕاکردن چوون مزگێنی خۆش بدەن بە مەنسور بێ، بەڵام پزشکەکە بە بێ هیوایی تەماشای سەلما و کۆرپەکەی دەکرد.

ڕۆژهەڵات، سەلما کۆرپەکەی لەسەر سینگی دانا، کۆرپەکە بۆ یەکەمجار چاوەکانی کردەوە ، تەماشای دایکی کرد، زەردەخەنەیەک و بۆ دواجار چاوەکانی داخست. پزیشکەکە کۆرپەکەی لە باوەشی سەلما دەرهێنا، فرمێسک بەسەر ڕوومەتیدا دەهاتە خوارەوە، پزیشکەکە بە هێمنی چرپاندی" میوانێکی ڕۆیشتوو".

لەو کاتەی دراوسێکان لە گەڵ مەنسور بێ لەناو هۆڵە گەورەکەی ناو ماڵ بۆ تەندروستی کۆرپەکەی ئاهەنگیان دەگێڕا و دەیانخواردەوە ، منداڵەکە کۆچی دوایی کرد، سەلما تەماشای پزیشکەکەی کرد، ، پاڕایەوە،" منداڵەکەمم بدەیە، بابیخەمە باوەشم".

هەرچەندە منداڵەکە مردبوو، دەنگی پەرداخەکانی مەی خواردنەوە ، لە هۆڵەکە لە زیادبووندابوو.... منداڵەکە لە بەرەبەیان لەدایک بوو، لەگەڵ ڕۆژهەڵات کۆچی کرد....

وەکوو بیرۆکەیەک لە دایکبوو، وەکوو هەناسەیەکی مردو، وەکوو سێبەر دیار نەما.

نەژیا تاوەکوو دڵنەوایی و دڵخۆشی دایکی بدات.

ژیانی لە کۆتایی شەو دەستیپێکرد، لەگەڵ دەستپێکردنی ڕۆژ کۆتایی هات. هەروەکوو دڵۆپەیەک لە چاوی تاریکی ڕژاو بەدست لێدانی ڕووناکی وشکبووەوە.

گەوهەرێک هەڵکشانی ئاو بۆ کەنار هێنایی، لەگەڵ داشکانی ئاو گەڕایەوە قوڵایی دەریا...

ئەو سەوسەنەی لە تۆوی ژیان چروسکا، لە ژێر پێیەکانی مەرگ هاڕدرا.

میوانێکی ئازیز دڵی سەلمای دەرەوشاندەوە، ڕۆیشتنی گیانی سەلمای کوشت.

ئەوە ژیانی پیاوەکانە، ژیانی نەتەوەکانە، ژیانی خۆرەکانە، مانگەکان، ئەستێرەکان.
سەلما تەماشای پزیشکەکەی کرد، گریا،" منداڵەکەمم بدەیە، بابیگرمە باوەشم، منداڵەکەمم بدەیە، باشیری بدەمێ".
پزیشکەکە سەری دانەواند، بە دەنگی پچڕ پچڕ گوتی،" منداڵەکەت مردوە، خاتوون، ئارام بە.
سەلما ئەوەی لەپزیشکەکە بیست، بە هاوار گریا.
ئینجا هێور بووەوە، بەدڵخۆشیەوە زەردەخەنەی گرت، ڕۆخساری گەشایەوە، هەر وەکوو بڵێی شتێکی دۆزیبێتەوە، و بە هێمنی گووتی،" منداڵەکەمم بدەیە، لێم نزیک کەرەوە، بابیبینم مردوە".
پزیشکەکە منداڵە مردوەکەی هەڵگرت، خستیە نێوان قۆڵەکانی سەلما. سەلما باوەشی پێداکرد. " تۆ هاتیت من ببەیتەوە، تۆ هاتیت ڕێگای کەنارم نیشان بدەی، ئەوە لێرەم کۆرپەکەم، پێشم کەوە با ئەو ئەشکەوتە بەجێبهێڵین.
دوای یەک خولەک تیشکی خۆر لە پەردەی پەنجەرەکەوە هاتە ژوورەوە، کەوتە سەر دوو جەستەی ئارام، لەسەر جێگا درێژ بوو بوون، بە کەرامەت و بێدەنگی ڕوون، پاراسترا بوون، باڵەکانی مەرگ سێبەری لەسەر کردبون. پزیشکەکە لە ژوورەکە بە چاوی فرمێسکەوە چووە دەرەوە، گەیشتە هۆڵە گەورەکە، ئاهەنگەکە گۆڕابوو، ببوو بە ماتەمینی، بەڵام مەنسور بێ غالب یەک وشەی نەدرکاند، هیچ فرمیسکی نەڕشت. وەکوو پەیکەرێک بەبێ جوڵە وەستابوو، پەرداخی خواردنەوەی مەی لەدەستی ڕاستیدا بوو.
ڕۆژی دوایی سەلما بە جلی بووکێنیەکەی لە ناو کفن دا پێچرا، منداڵەکەش لەناو کفنەکەیدا مەلۆتکە کرابوو، کفنی منداڵەکە باوەشی دایکی بوو ، گۆڕی منداڵەکە سینگی ئارامی دایکی بوو . دوو تەرم لەناو یەک کفن دا.
بە پۆشتە و پەرداخ لە گەڵ خەڵکەکە ڕۆیشتم، سەلما و مندالەکەیمان برد بۆ دوا مەنزڵیان.
گەیشتینە گۆڕستان، سەرۆک قەشە غالب وتاری دەخوێندەوە، و قەشەکانی تر دەپاڕانەوە. لەسەر ڕووی تاریکیان شەیتانی گوێ پێنەدراو بەدی دەکرا.
کاتێک تەرمەکان شۆڕکرانە خوارەوە، یەکێک لە تەماشا کەران چرپاندی" ئەوە یەکەمجارە لە ژیانمدا دوو جەستە لەناو یەک کفن دا ببینم".
یەکێکی تر گوتی،" هەر وەکوو بڵێی ئەو منداڵە هات دایکی لە هاوسەرە نەبووەکەی ڕزگار بکا".
یەکێکی تریش گوتی" تەماشای مەنسور بێ بکەن، تەماشای ئاسمان دەکا، هەروەکوو بڵێی چاوەکانی لەشوشە دروستکراون". هەست ناکا لەیەک ڕۆژدا ، خیزانەکەی و منداڵەکەی لە دەست

دابێ". یەکێکی تر گوتی" سبەی، سەرۆک قەشەی مامی ، مارەبڕی لە گەڵ ژنێکی دەوڵەمەند تر و بەهێزتر بۆ دەکا".

قەشەکان بەردەوام بوون لەسەر سروود خوێندنەوە، تاوەکوو گۆڕ هەڵکەن، گۆڕەکەی پڕکردەوە و دایپۆشی. ئینجا خەڵکەکە بەتاک لە سەرۆک قەشە وبرازاکەی نزیکبوونەوە ، بە وشەی شیرین و دڵنەوایی  سەرەخۆشیان لێکردن، بەڵام من لەلایەک ڕاوەستابووم بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک دڵنەواییم بداتەوە، هەروەکوو بڵێی سەلما و منداڵەکەی بۆ من هیچ نەبوو بن.

ماڵئاواییە ڕوڕەشەکان گۆڕستانیان بەجێهیشت، گۆڕ هەڵکەن بەشۆڤڵەکەیەوە لەنزیک گۆڕێکی تر ڕاوەستابوو.

لێی نزیکبوومەوە، لێم پرسی،" ئایا گۆڕی فارس ئەفەندی کەرامی پێدەزانی؟ لە کوێیە؟".

بۆ چرکەیەک تەماشای کردم، پەنجەی بۆ گۆڕێک درێژ کرد، گوتی،" لێرەیە، من گۆڕی سەلمام لەتەنیشتی هەڵکەند و منداڵەکەش لەسەر سینگی" سەلما"یە، لەسەر هەموویانەوە بە هەمان خۆڵ بەو شۆڤڵە داmپۆشینەوە".

پێم گووت،" هەر لەم چاڵەشدا ، تۆ دڵی منت ناشت".

کاتێک گۆڕ هەڵکەن لە پشت درەختەکانەوە دیار نەما، نەمتوانی چیتر بەرگری بکەم، " کەوتمە سەر گۆڕی سەلما و گریام".

**********

**کۆتایی**

## نووسەر:

باڵە تێکشکاوەکان ڕۆمانێکە شاعیر و ڕۆماننووسی ئەمەریکی بەڕەچەڵەک لوبنانی جبران خەلیل جبران لە ساڵی ١٩١٢ نووسیویەتی و بڵاوی کردۆتەوە. نووسەر لە ٦ی کانونی دووەمی ١٨٨٣ لە باکووری لوبنان لە بنەماڵەیەکی هەژار لەدایک بووە، ناسراوە بە شاعیر و نووسەری تاراوگە(کۆچ ڕەو) و لە ١٠ی نیسانی ١٩٣١ لەتەمەنی ٤٨ ساڵی بەنەخۆشی سیل لە نیویۆرک کۆچی دوایی کردوە و لەسەر داوای خۆی تەرمەکەی لە بێروت بەخاک سپێردراوە.



## وەرگێڕ:

پ.ی.د. محمەد عەزیز سەعید

لە ١٩٥٣/٩/٢٧ لە شاری قەڵادزێ لە دایک بووە.

خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، دواناوەندی هەر لە قەڵادزێ تەواو کردووە.

لە ١٩٧٧/٦/٢٦ بەپلەی یەکەم بەشی فیزیا /کۆلێژی زانست / زانکۆی سلێمانی تەواو کردوە. وەزیری خوێندنی باڵا خەڵاتی سەرۆککۆماری پێبەخشیوە.

لە ١٩٨٠/١٢/١٢ بڕوانامەی ماستەری لە بواری کەشناسی لە زانکۆی بەرمنگهام لە وڵاتی بەریتانیا بەدەست هێناوە.

لە ٢٠٠١/٨/٢٥ بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری گەردووونناسی لە بەشی گەردوون/ کۆلێژی زانست/ زانکۆی بەغداد وەدەستهێناوە.

ئێستا مامۆستایە لە بەشی زانستی گشتی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی سەلاحەددین

### بەرهەمەکانی:

دەیان بابەتی زانستی و وێژەیی لە ڕۆژنامەی هاوکاری، گۆڤاری کاروان، گۆڤاری زانکۆ پرێس بڵاو کردۆتەوە.

لە کەناری ئاوەکانی بابیلۆن، 22 کورتە چیرۆک لە ئینگلیزیەوە کردویە بە کوردی. کانوونی دووەم 2022.

ڕۆبنسن کرۆسۆ. دانێڵ دیفۆ.... وەرگێڕ لە ئینگلبزیەوە کردویە بە کوردی. ئاب 2022

بنەماکانی زانستی بەرگی هەوا. ئاب 2022.

لەماوەی پازدە ڕۆژدا لە نێوان ٢٠٢٢/٦/١٢ تاوەکوو ٢٠٢٢/٦/٢٧ ئەو چیرۆکەی لە ئینگلیزیەوە وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی.

مۆبایڵ: 07504622954

ئیمێڵ: mohammed.aziz@su.edu.krd

# The Broken Wings….Gibran Khalil Gibran

Translated from English into Kurdish by
Dr.Mohammed Azeez Saeed, Salahaddin University-Erbil



# الاجنحة المتكسرة ..... جبران خليل جبران

ترجمة من اللغة الانكليزية الى اللغة الكوردية
د. محمد عزيز سعيد
جامعة صلاح الدين- أربيل

Erbil - July 2022 أربيل – تموز